



# ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.338 Tue 4/ 11/ 2008 | نرخ 500 دینار | ژمارە 338 سێشەممە 4/ 11/ 2008



«دەترسین ناڕەزایی پزیشکەکان دەستێکی سیاسی لە پشتەوە بێت» ل ٣

چارەنووسی (ڕەگ) بەرەوکوێ؟ ل ٤

تائێستا حکومەتی هەرێم بە فەرمی نووسینگەی لە ئێراندا نییە ل ٥

ڕێبەرانی حیزبەکان نابێت ڕێکخراوەکان بکەن بە حیزبی ل ١٢


# بارزانی سوورە لەسەر هەڵوێستەکەی


فۆتۆ: بڕیار نامیق

**ڕۆژنامە**

مەسعود بارزانی جارێکی تریش دووپاتیدەکاتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا دەتوانن بارەگاو بنکە لە کوردستان دابنێن.

دوای چەند ڕۆژێک لە قسەکانی بارزانی لەسەر ئەوەی کە هەرێم ئامادەیە لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی حکومەتی عێراقو ئەمریکا، لەسەر مۆرکردنی پەیماننامەی ئەمنیی نێوان هەردوولا، دوێنێ سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕەوەندی کوردیی لە ئەمریکا، دووبارە جەختی لەو وتەیەی پێشتری کردەوە کە دڵنیایە لەوەی پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەند دەبێت لەسەر بوونی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر واشنتۆن داوای بکات.

ئەم جەختکردنەوەیەی بارزانی دوای ئەو ڕەخنەو ناڕەزاییانە دێت کە لەلایەن چەند حیزبو کەسایەتییەکی عێراقییەوە ئاراستەی کرا، پاش ئەوەی لە کۆڕێکی ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان لە واشنتۆن ئەو مەسەلەیەی خستەڕوو.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرۆکی هەرێم، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعێراقییە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرێم بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا ئەو جۆرە ڕێککەوتنە مۆر بکات.

چاودێرێکی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد کە «ئەو هەڵوێستانەی هەردوو سەرکردەی کورد نیشانەی ڕێکنەکەوتنی پێشوەختە لەسەر پرسە گرنگەکان، کە بەداخەوە ئەو جۆرە ناکۆکییانە لایەنە ناحەزەکانی کورد سوودی لێدەبینن».

لە هەمانکاتدا ئەو چاودێرە جەختکردنەوەیەی بارزانی لەسەر ڕەزامەندیی بۆ دانانی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە کوردستان بە «هەنگاوێکی سیاسیی وردبین» لە قەڵەمدا، کە ئاماژەیەکە بۆ دوورکەوتنەوەی هەرێم لە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لە سیاسەتی ڕەسمیی بەغدا، کە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکدایەو خۆی بە تەنها مەرجەع دادەنێت.

**لە ل ٣دا بەدواداچوونێک لە بارەی ناڕەزاییەکان بخوێنەرەوە**

# مەسیحییەکان لە کوردو پێکهاتەکانی دیکە توڕەن

**ڕۆژنامە**

پەرلەمانی عێراق مادەیەکی تایبەت بە پشکی کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان پەسەندکرد، کە هەر پێکهاتەیەک ١ کورسی پێدەدرێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکانداو مەسیحییەکانیش ئەوە بە پیلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەزانن‌و داوا لە سەرۆکایەتی کۆمار دەکەن ئەو مادەیە ڕەتبکاتەوە، وەک هەموارێکی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان پەسەندی نەکات.

دوێنێ لە پەرلەمانی عێراق گفتوگۆ لەسەر سێ پێشنیازی تایبەت بە نوێنەرایەتی کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، (پێشنیازی یەکەم لە موسڵ ٣ کورسی بۆ هەر یەکە لە مەسیحییو ئێزدییەکان‌و ١ کورسی بۆ شەبەکەکان‌و لە بەغدا ٣ کورسی بۆ مەسیحییەکان‌و ١ بۆ سابیئە مەندائییەکان‌و ١ کورسیش بۆ مەسیحییەکانی موسڵ، پێشنیازی دووەمیش ١ کورسی بۆ هەر پێکهاتەیەک لەو سێ پارێزگایەو پێشنیازی سێیەمیش ٢ کورسی بۆ مەسیحییەکان لەو سێ پارێزگایەو کورسییەک بۆ شەبەک لە موسڵ‌و ١ کورسی بۆ سابیئەکان لە بەغدا تەرخان دەکرێت).

سەرئەنجام بە دەنگی ١٠٦ پەرلەمانتار لە کۆی ١٥٠ ئەندامی ئامادەبوو، پێشنیازی دووەم پەسەندکراو بەوپێیەش لەو سێ پارێزگایە ١ کورسی بۆ هەر پێکهاتەیەک لەو سێ پارێزگایە تەرخان دەکرێت.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، نوێنەری مەسیحییەکان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان،بۆڕۆژنامەی‌ئاشکراکرد، کە بێ ڕەزامەندیی پێکهاتەکانی تر دەنگ لەسەر نوێنەرایەتی کەمینەکان درا، ئەوەشی بە موئامەرەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو زانی بەرامبەر مەسیحییەکان.

**لە ل ٢ ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە.**






www.netewe.com

# کاردانەوەی لێدوانەکەی بارزانی

# سەبارەت بە دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە کوردستان

## ئوسامە نجێفی: بارزانی مافی دەستووریی خۆی تێپەڕاندووە

## سەفین دزەیی: کورد بە مافی خۆی دەزانێت لەسەر ئەو دۆسیەیە قسە بکات

**هەستیار قادر**

چەند پەرلەمانتارێکی عەرەب ڕەخنە لە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم دەگرن سەبارەت بە دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستانو پێیانوایە «ئەو قسەیەی بارزانی زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت».

لە دوای ئەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کۆڕێکی ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا ڕایگەیاند، کە بڕوای وایە پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەند دەبێت لەسەر دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان، لە حاڵێکدا ئەگەر ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوو حکومەتی عێراقیو ئەمریکی ئیمزا نەکرا. ئەو لێدوانە کاردانەوەی سلبی لەلای هەندێک لە لیستو پەرلەمانتارە عەرەبەکان هێنایەکایەوە .

ئوسامە نجێفی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی عێراقییە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ئەو لێدوانەی سەرۆکی هەرێمی بە «بازدان بەسەر دەسەڵاتو سەروەرییەکانی عێراقو هەوڵێک بۆ بێهێزکردنی پەرلەمانی عێراقی» لەقەڵمداو وتی: «بارزانی مافی دەستووریی خۆی تێپەڕاندووە».

نجێفی، پێیوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا زیاد لە دەسەڵاتی فیدراڵیو تەنانەت کۆنفیدراڵیش مامەڵە دەکاتو خەریکە دەچێتە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی سەربەخۆوە. هەروەک ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ دانانی بنکەی سەربازیی ئەمریکیش بەر لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان ئەمریکاو عێراق، پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمو ناوەند دەخاتە مەترسییەوە .

سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرگری لەو لێدوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردو وتی: کورد لە مێژە خەبات بۆ دیموکراسی عێراق دەکات، زۆر لەو لایەنانەش زیاتر بە مافی خۆی دەزانێت لەسەر ئەو دۆسیەیە قسە بکات کە تازە هاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسی عێراقەوە.

دزەیی وتیشی: کورد تاکە لایەنە کە بە بێ دوودڵیی پشتگیریی لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان ئەمریکاو عێراق کردووەو هەموو رایەکی جیاوازیش لەسەر ئەو دۆسیەیە بە هەند وەردەگیرێت.

لەلای خۆشیەوە ئیبراهیم نیعمە، پەرلەمانتاری بەرەی تەوافوق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرسوڕمانیی خۆی لەو لێدوانەی سەرۆکی هەرێم دەربڕیو وتی: بە درێژایی مێژووی عێراق حکومەتی ئەمریکا هاوارو داوای هاوکاریی کوردی پشتگوێ خستووە بۆ ڕزگارکردنی لە ستەم، سەیرە کورد داوا دەکات بنکە سەربازییەکانی لە کوردستان دابنێت.

ئەو ئەندامەی بەرەی تەوافوق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دانانی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان، زیانی بۆ وڵاتانی دراوسێ دەبێتو کاردانەوەی خراپیشی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەبێتو لە بەهای کەم دەکاتەوە.

**ئیبراهیم نیعمە:**

**بە درێژایی مێژووی عێراق حکومەتی ئەمریکا هاوارو داوای هاوکاری کوردی پشتگوێ خستووە بۆ ڕزگارکردنی لە ستەم، سەیرە کورد داوا دەکات بنکە سەربازییەکانی لە کوردستاندا بێت**

## کەرکوک یاداشتێک دەداتە بەغدا

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

وەفدێکی باڵای کەرکوک بەمەبەستی پێشکەشکردنی یاداشتێک بڕیارە سبەینێ سەردانی شاری بەغدا بکەنو لە کۆنگرەی ساڵانەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقدا بەشداریی بکەن.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو بەرپرسی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەشداریکردنی ئێمە لەو کۆنگرەیەدا گەیاندنی داواکارییو ڕەخنەو پێشنیازی پارێزگای کەرکوکە بە بەرپرسانی عێراق، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکمان ئامادەکردووەو لە کۆنگرەکەدا پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەغدای دەکەین.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک باسی لەوەشکرد کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بڕیاری جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگ لە کەرکوک دراوە، بەڵام تا ئێستا هیچیان جێبەجێ نەکراونو لەم سەردانەیاندا داوای جێبەجێکردنیان دەکەن.

لە ڕۆژانی ٥- ١١/٦ بە بەشداریی سەرۆک وەزیرانو جێگرەکانیو وەزیرەکانو نوێنەری پارێزگاکانی عێراق، وەزارەتی پلاندانانی عێراق کۆنگرەی سێیەمی ساڵانەی خۆی دەبەستێتو بڕیاریشە هەریەک لە پارێزگاری کەرکوکو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو ئەحمەد عەسکەری بەرپرسی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکە بەشداریی کۆنگرەکە بکەنو داواکاریو ڕەخنەکانی کەرکوک بە یاداشتێک پێشکەش بکەن.

## ١٤٠٠ خێزانی عەرەبی (بیدون) دەکرێنە خەڵکی کەرکوک

**زانیار داقوقی**

زیاتر لە ١٤٠٠ خێزانی عەرەب کە بە بیدونەکان (بێناسنامەکان) ناسراون، لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق بۆ تەعریب هێنراونەتە ناوچەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک، بەهۆی ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی سەرەتاییان لە پارێزگاکانی پێشوویان نییە، پێدەچێت بکرێنە دانیشتووی ئەسڵی کەرکوکو وەک هەر دانیشتوویەکی تری ناوچەکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

کاکەڕەش سدیق، بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی مادەی ١٤٠، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لیژنەی مادەی ١٤٠ پێکهات بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کەرکوکو گەڕانەوەی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنەکانی خۆیانو گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوک، زیاتر لە ١٤٠٠ خێزانی عەرەب کە بە (بیدون) ناسراونو ئێستا لە قەزای داقوقو دوبزو ناحیەی لەیلان نیشتەجێکراون، چەندینجار کەسایەتییەکانیان بۆ مەبەستی گەڕانەوەیان سەردانی نووسینگەی کەرکوکی ١٤٠ دەکەن، بەڵام لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا بە خەڵکی ئەسڵی کەرکوک دانراونو تا ئێستا مادەکە نایانگرێتەوە.

هۆکاری ئەوەی ئەو خەڵکە بە بیدون ناسراون، ئەوەیە گوایە ئەو عەرەبانە لە کەنداوی عەرەبییەوە هێنراونەتە ناوچەکە، ڕژێمی پێشوو بەناوی تەعریبکردنی شارەکەو بەمەبەستی پشتێنەی ئەمنی لەو شوێنانە دایناون.

کاکەڕەش سدیق، ئاماژەی بەوەشدا چەندینجار نووسراویان کردووە بۆ ناوچەکانی پێشوویان لە (دیوانیە، کوت، شەرگاتو موسڵ)، بەڵام ئەو خێزانانە هیچ بەڵگەنامەیەکیان نییە کە خەڵکی ئەو ناوچانە بنو هیچ پارێزگایەک وەریان ناگرێت.

ئەم خێزانە هاوردانە کە ژمارەیان ١٤٠٠ خێزانە، تا ئێستا وەکو خەڵکی کەرکوک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتو مافی ئەوەیان هەیە هەر پرۆژەیەک بکەنو زەوی کشتوکاڵییان بدرێتێ.

## بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی:

# دەترسین ناڕەزایی پزیشکەکان دەستێکی سیاسی لە پشتەوە بێت

**نیاز نایف**

خوێندکارانی کۆلێژە پزیشکییەکان لە دژی بڕیاری دامەزراندنیان بە گرێبەست، بەردەوامن لە مانگرتنو بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیش گومانی لەوە هەیە کە دەستێک لە پشت ئەو ناڕەزاییانەوە بێت.

ماوەیەک لەمەوبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە گرێبەست دابمەزرێنێت، ئەم بڕیارەش ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە لای خوێندکاران دەرچووانی ئەو کۆلێژانە.

لە درێژەی مانگرتنو خۆپیشاندانی پزیشکەکاندا دوێنێ خوێندکارانی دەرچووی هەر چوار کۆلێژی پزیشکیی گشتییو دەرمانسازیو دانسازیو پەرستاری، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ڕێکخست.

خوێندکارە ناڕازییەکان ئاماژەیان بەوەدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دژی بڕیاری دامەزراندنیان بە گرێبەست مانگرتنی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەڵام تا ئێستا لایەنە بەرپرسەکان خەمساردنو هیچ وەڵامێکیان نەداونەتەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان.

د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، سەرسوڕمانیی خۆی لە ناڕەزایی پزیشکەکان دەربڕیو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو گرێبەستەی کە بۆ ئەو پزیشکانە دەکرێت، تەنها ناوی گرێبەستە، ئەگەر نا مووچەکەیان وەک مووچەی پزیشکەکانی دیکەیەو دەرماڵەشیان هەیە، لە کاتێکدا لە سیستمی گرێبەستدا دەرماڵە نییەو وتی: «ئێمە لەوە دەترسین ئەم ناڕەزاییە شتی تری لە پشتەوە بێت وەک بێمتمانەیی بەرامبەر حکومەت، یاخود هاندانیان لەلایەن لایەنێکی سیاسییەوە».

بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، ئاماژەی بەوەشدا، بە مەبەستی گەیاندنی داواکاریی ئەو خوێندکارانە لەگەڵ وەزیری تەندروستیدا قسەی کردووەو وەزیریش لای خۆیەوە ڕایگەیاندووە کە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان بە گرێبەست، لە دەسەڵاتی ئەواندا نییەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەر دراوەو وتی: «ئێمە تەنها ئەوەندەمان لەسەرە بڕیارەکە جێبەجێ بکەین».

بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، بۆ ئەمساڵ نەخۆشخانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیان پێویستیان بە ١٢٠ پزیشک هەیە، لە کاتێکدا ئەو خوێندکارانەی ئەمساڵ بە نیازی دامەزراندنن، تەنها ٩٠ خوێندکارن.

د. شێرکۆ ئەوەشی خستەڕوو کە پێشتر ڕای بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانو سەندیکاکان وەرگیراوە، هەموویان بە باشی دەزانن کە دامەزراندن بکرێتە گرێبەستو هەموو ٣ مانگ جارێک هەڵسەنگاندن بۆ پزیشکەکانو ئیشو کارەکانیان بکرێتو وتیشی: «تا ئێستا لە حکومەتی عێراقیدا یەک پزیشک لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە لانەبراوە».

خوێندکارانی مانگرتوو لە میانەی خۆپیشاندانەکەیاندا ئەوەشیان خستەڕوو، ئەگەر حکومەتی هەرێم وەڵامێکی ئیجابییان نەداتەوە، ئەوا ناچار دەبن درێژە بە مانگرتنەکەیان بدەنو ڕەنگە بە شەویش هەر لە بەردەم فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیدا بمێننەوە.

دوێنێش خوێندکارانی کۆلێژە پزیشکییەکانی شاری هەولێر بۆ هەمان مەبەست ڕژانە سەر شەقامەکانو داوایان کرد حکومەتی هەرێم بڕیاری دامەزراندنیان بە گرێبەست هەڵبوەشێنێتەوە.



## بەیانیت باش کوردستان

### ئەمریکا گۆڤارێک لە هەرێمی کوردستان دەردەکات

**ئیبراهیم عەلی**

بەرپرسێکی ئەمریکا ئاشکرایکرد کە وڵاتەکەی گۆڤارێک لە هەرێمی کوردستان بەناوی «ئەمریکا جۆرنەڵ» بڵاودەکاتەوە.

دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا هەریەک لە لوسی تاملین، ڕێکخەری حکومەتی ئەمریکا لە کوردستانو جۆناسان سێبیرا، بەرپرسی پاشکۆی میدیاو ڕۆشنبیریی لە قونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، دەرکردنی یەکەم گۆڤاری ئەمریکییان بە زمانی کوردی ڕاگەیاند.

جۆناسان سێبیرا، لەبارەی گۆڤارەکەیانەوە وتی: «چاوەڕێی پێشوازیی خەڵک دەکەین لە گۆڤارەکەمان بۆئەوەی بەردەوام بین، ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ئەمریکا جۆرنەڵ لە واشنتۆن ئامادەکراوەو بە چەندین زمان بڵاودەکرێتەوە».

### مەرگ هەڕەشە لە ١٨ منداڵ دەکات

**ئاکۆ محەمەد شوانی**

١٨ منداڵی خانەی نەوجەوانانی کەرکوک، بەهۆی کەمیی بودجەو نەبوونی پزیشکو پاسەوانی شەوانەوە، ژیانیان لە ژێر هەڕەشەی مردندایە.

ئەو ١٨ منداڵەی لە خانەی نەوجەوانانی کەرکوک دەژین، کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیەو ڕۆژانە ١٠٠ دیناری چاپی عێراقییان بۆ سەرف دەکرێت، بۆ خواردنو خواردنەوەیانو «ژیانی مەمرەو مەژی بە ڕێدەکەن».

ئازاد جەباری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، سەبارەت بە کێشەی ئەو منداڵانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی سەردانی ئەو خانەیەم کرد زۆر نیگەران بووم بەو وەزعەی ئەوان، چونکە پاسەوانو پزیشکو چاودێریان نەبوو، ئەگەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت بە چەقۆیەک هەموویان بکوژێت، بۆیە ئێمە بانگی بەڕێوەبەری ئەو دایەنگایەمان کردووەو ئەگەر پێویست بکات دەبێت بگۆڕدرێت، ئازاد وتیشی: «ناکرێت هەر بەڕێوەبەرێک لە کەرکوک کورد بوو، ئیتر پشت لە فەرمانگەکەی بکات. بۆیە ئێمە لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە دەکەینو دواتر بە ڕاپۆرتێک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئاگادار دەکەینەوە، بۆئەوەی بە زووترین کات چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە».

### دوو برا دەستگیردەکرێن

**بڕیار نامیق**

دوێنێ دوو کەس دەستگیرکران، کە تۆمەتی کوشتنی خوشکێکیان درابووە پاڵ.

لە ڕاگەیاندنێکی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان هاتووە: دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/١٦ لە شارۆچکەی حاجیاوا (١٠کم باکووری خۆرئاوای قەزای ڕانیە) کچێک لەلایەن چوار برایەوە کوژرا، دوێنێ دووان لەو تۆمەتبارانە بە ناوەکانی (س،ع،م) (م،ع،م)و بەپێی مادەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکران.

### پیسبوونی ئاو لە کۆیە

**ئاری سابیر**

بەهۆی پیسبوونی ئاوی هەر چوار بینای بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، خوێندکاران لە بازاڕدا ئاوی کانزایی بۆ خواردنەوەو چێشتلێنان دەکڕن.

یەکێک لە خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان لەوبارەیەوە وتی: «ئاوەکە چەورییەکی زۆری تێدایە، تامی نەوت دەداتو چەند خوێندکارێکیش نەخۆش کەوتوون بەو ئاوە».

گۆران ئازاد، بەڕێوەبەری کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی کۆیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا نەزانراوە هۆکاری چەوربوونی ئەو ئاوە چییە، بەڵام پێدەچێت لەکاتی گۆڕینی ڕۆنو گازی ئەو مولیدەیەی بۆ بیرەکە دانراوە، ئەو چەورییە تێکەڵی ئاوەکە بووبێت، تاچەند ڕۆژێک ئاوا بمێنێتەوە.

وتیشی: «بیرێکی تازەمان لێداوە لەبناری چیای هەیبەت سوڵتان، ئاوەکەی زۆر پاکو شیرینە، ئاو بۆ سەرجەم بیناکانی زانکۆی کۆیە دابین دەکاتو هەموو کارەکانی تەواو بووە، تەنها مولیدەیەکی کارەبایی ماوە تاوەکو بکەوێتەکار، چەند ڕۆژێکی دیکە مولیدەکەی بۆ دابین دەکرێت، ئەوکاتە کێشەی ئەو ئاوە پیسە چارەسەر دەبێت».

---

**مەسیحییەکان بە پیلانی دەزانن‌و داوا لە سەرۆکایەتی کۆمار دەکەن ڕەتی بکاتەوە**

# پەرلەمانی عێراق یەک کورسی بۆ هەر کەمینەیەک لە پارێزگاکان پەسەند دەکات

**بەهادین یوسف**

پەرلەمانی عێراق مادەیەکی تایبەت بە پشکی کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، کە هەر پێکهاتەیەک ١ کورسی پێدەدرێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکانداو مەسیحییەکانیش ئەوە بە پیلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەزانن‌و داوا لە سەرۆکایەتی کۆمار دەکەن ئەو مادەیە ڕەتبکاتەوە، وەک هەموارێکی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان پەسەندی نەکات.

دوێنێ لە پەرلەمانی عێراق گفتوگۆ لەسەر سێ پێشنیازی تایبەت بە نوێنەرایەتی کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، (پێشنیازی یەکەم لە موسڵ ٣ کورسی بۆ هەریەکە لە مەسیحی‌و ئێزدییەکان‌و ١ کورسی بۆ شەبەکەکان‌و لە بەغدا ٣ کورسی بۆ مەسیحییەکان‌و ١ بۆ سابیئە مەندائییەکان‌و ١ کورسیش بۆ مەسیحییەکانی موسڵ)، پێشنیازی دووەمیش (١کورسی بۆ هەر پێکهاتەیەک لەو سێ پارێزگایەو پێشنیازی سێیەمیش ٢ کورسی بۆ مەسیحییەکان لەو سێ پارێزگایەو کورسییەک بۆ شەبەک لە موسڵ‌و ١ کورسی بۆ سابیئەکان لە بەغدا تەرخان بکرێت). سەرئەنجام بە کۆی دەنگی ١٠٦ پەرلەمانتار لە کۆی ١٥٠ ئەندامی ئامادەبوو، پێشنیازی دووەم پەسەندکراو بەو پێیەش لەو سێ پارێزگایە ١ کورسی بۆ هەر پێکهاتەیەک لەو سێ پارێزگایە تەرخان دەکرێت.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، نوێنەری مەسیحییەکان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: بێ ڕەزامەندیی پێکهاتەکانی تر دەنگ لەسەر نوێنەرایەتی کەمینەکان درا، ئەوەشی بە «پیلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو» زانی بەرامبەر مەسیحییەکان، ئاماژەی بەوەشکرد کە بە ئەنقەست‌و بێ ئەوەی لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی‌و پارێزگاکان لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکان ڕێککەوتن لەسەری کرابێت، لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا هەندێک وردەکاریی تایبەت بە قەزاو ناحییەکان باسکرا بۆ شێواندن، لە کاتێکدا ئێمە تەنها باسی ناوەندی پارێزگاکانمان کردبوو، ئەمەش نەخشەی بۆ دانرابوو بۆ دژایەتیکردنی مەسیحییەکان.

هەر دوێنێش دوای کۆبوونەوەکە، هەریەکە لە ئەبلەحەد ئەفرایم ساواو یونادم یوسف کەننا نوێنەری مەسیحییەکان لە پەرلەمانی عێراق، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆمار کردو داوایان کرد ئەو مادەیە ڕەتبکەنەوەو پەسەندی نەکەن.

لە کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی عێراقدا هەریەکە لە لیستەکانی ئیئتیلافی شیعەو ڕێکخراوی بەدرو بەرەی تەوافوق‌و لیستی عێراقییەو بەرەی دیالۆگ، دەنگیان بە پێشنیازی دووەم دا کە یەک کورسی بۆ کەمینەکان تەرخان بکرێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و لیستی هاوپەیمانی‌و ڕەوتی سەدرو حیزبی شیوعی عێراقی دەنگیان بە پێشنیازی یەکەم دا، کە ستیڤان دیمستۆرا هەفتەی ڕابردوو پێشکەش بە پەرلەمانی عێراقی کردبوو، تایبەت بە نوێنەرایەتی کەمینەکان‌و وەکو یەکەم پێشنیاز بەرچاوخرا.

نوێنەری مەسیحییەکان لە لیستی هاوپەیمانیی نیگەران بوون لە هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی کە چوونەتە پاڵ حیزبە ئیسلامییەکان‌و دەنگیان لە دژی مەسیحییەکان داوەو وتی: «هاوپەیمانی‌و سەدرو ئەوانەی باوەڕیان بە دیموکراتی هەیە کە ژمارەیان نەگەیشتە ٥٠ کەس، دەنگیان لە بەرژەوەندی مەسیحییەکاندا، بەداخەوە یەکگرتووی ئیسلامیش پشتگیریان نەکردین‌و دەنگیان بە پێشنیازی دووەم دا».

لە بەرامبەردا زوهێر محەمەد ئەمین، پەرلەمانتاری لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەوەی ڕەتکردەوە دەنگیان دژی مەسیحییەکان دابێت‌و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەکو لیستی یەکگرتوو پێشتر لەگەڵ هاوپەیمانی ڕێککەوتین دەنگ بە پێشنیازەکەی دیمستۆرا بدەین کە سێ کورسی بۆ مەسیحییەکان لە موسڵ‌و بەغدا تەرخان بکرێت، بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا سێ ئەندامامان ئامادەبوو، دوانمان وەکو لیستی یەکگرتوو دەنگمان بە پێشنیازی یەکەم دا، بەڵام عومەر عەلی، کە ئەندامی لیستی یەکگرتووە، وەکو ڕای تایبەتی خۆی دەنگی بە پێشنیازی دووەم دا، ئێمەش ڕێز لە ڕای ئەو دەگرین‌و ڕێمان پێدا بەو شێوەیە دەنگ بدات».

ئەبلەحەد، پێیوایە ئەو دەنگدانە نادادپەروەریی تێدایە، لەو بارەیەوە وتی: «ناکرێت لە بەسرە ٥٠٠ خێزانی مەسیحی هەبێت وەک موسڵ‌و بەغدا یەک کورسییان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان پێبدرێت، لە کاتێکدا لە بەغدا زیاتر لە ٥٠ هەزار خێزانی مەسیحی‌و لە موسڵیش زیاتر لە ٢٥ هەزار خێزانی مەسیحی هەیە».

ئەحمەد شەبەک، نوێنەری شەبەکەکان لە لیستی هاوپەیمانی، وتی: ئیئتیلاف‌و تەوافوق‌و بەرەی ٢٢ی تەمموز دەنگیان بە پێشنیازی دووەم داوە لیستی هاوپەیمانی‌و شیوعییەکان دەنگیان بە پێشنیازی یەکەم‌و سێیەم دا، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازی یەکەم پەسەند کرا، هەروەک ڕایگەیاند: کە هێشتا مادەکە نەبووەتە ڕەسمی، تا لە سەرۆکایەتی کۆمار پەسەند نەکرێت، بڕوای خۆیشی نیشاندا کە جگەلە مەسیحییەکان ئێزدییەکانیش بەو پێشنیازە ڕازی نابن‌و داوای ڕەتکردنەوەی دەکەن.

سەبارەت بە دانانی یەک کورسیش بۆ شەبەکەکان، ئەحمەد شەبەک وتی: «لەبەر فشاری ئیئتیلافی شیعە لیستی هاوپەیمانی ڕازی بوو کورسی بۆ شەبەکەکان تەرخان بکرێت، ئەگەرنا ئێمە نامانەوێت وەک پێکهاتەیەکی جیاواز بناسرێین‌و دەمانەوێت لە چوارچێوەی لیستی کوردیدا بەشداری بکەین»، چونکە بە وتەی ئەو دەستەواژەی شەبەک شتێکی تازەیە بەسەر ئەو بەشەی کورددا سەپاوە.

بە پەسەندکردنی ئەو مادەیە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە، دەبێتە یەکەم هەموارکردنەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کە ڕۆژی ٩/٢٤ پەسەندکراو مادەی ٥٠ی یاساکە بە زۆرینەی دەنگ لابرا کە تایبەتە بە ڕێژەی کورسی کەمینەکانی عێراق لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، کە بڕیارە لە ٢٠٠٩/١/٣١ لە ١٤ پارێزگای عێراقدا ئەنجام بدرێت.

---

**یەکگرتووی ئیسلامی:**

## پارتی‌و یەکێتی هێشتا پۆستی سکرتێری پەرلەمانیان نەداوینەتێ

**بورهان قادر**

**هەولێر**

یەکگرتووی ئیسلامی ناڕەزایی بەرامبەر یەکێتی‌و پارتی دەردەبڕێت کە دوای سێ ساڵ بەڵێنی پێدانی پۆستی سکرتێری پەرلەمانیان بە یەکگرتوو بەجێ نەگیاندووە.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥و پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاربوو بۆ پۆستی سکرتێری پەرلەمان دوای شەش مانگ بدرێت بە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کە هاوپەیمانی یەکێتی‌و پارتی بوون بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تا ئێستا ئەو پۆستە نەدراوەتە یەکگرتوو.

تاڤگە محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، وتی: «بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی، پۆستی سکرتێری پەرلەمان بەر ئێمە کەوت‌و واش ڕێککەوتین کە دوای شەش مانگ وەریبگرین، بەڵام لە ٢٠٠٥/١٢/٤دا کە ئەوکات شەش مانگ تێپەڕیبوو بەسەر ئەو ڕێککەوتنەدا، دەبوایە پۆستەکە بدرێتە یەکگرتوو، بەڵام نەیاندایێ، «ئەو پەیمانەش وەکو چەند پەیمانێکی دیکەی لێهات کە پێماندرابوو»، وتیشی: «لە ٢٠٠٥/١٢/٣١دا لە یاداشتێکدا داوامان کرد، بەڵام وەڵامیان نەداینەوە، ئێمەش لەبەر هەندێک مەسەلەی چارەنووسساز بە میللەتەکەمان، بێدەنگیمان لێکرد».

تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە وتی: «پێدانی ئەو پۆستە بە یەکگرتوو بە ڕێککەوتنێکی سیاسی کراوەو لەناو پەرلەماندا نەبووە، بۆیە من ناتوانم هیچ قسەیەکی لەسەر بکەم».

---

**کوردو تورکمان‌و عەرەب**

## لەسەر مۆری ئەنجومەنی کەرکوک ڕێکناکەون

**ئاسۆ کەرکوکی**
**زانیار داقوقی**

دوای زیاتر لە دوو مانگ دروستکردنی ئەنجومەنی قەزای کەرکوک، تا ئێستا ئەندامەکانی لەسەر چۆنێتی دروستکردنی مۆری ئەنجومەنەکە ڕێکنەکەوتوون‌و وێڕای کارکردن بە مۆری هاتوو و ڕۆیشتوو، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەسەڵاتی دروستکردنی مۆری ئەنجومەنەکەیان لێدەسەنێتەوە.

مونیر بورهان ڕەشید، ئەندامی لیستی تورکمان‌و سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: زیاتر لە دوو مانگە ئەنجومەنی قەزای کەرکوک پێکهێنراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەندامە کوردو عەرەبەکانی ئەنجومەن سوورن لەسەر ئەوەی مۆرەکە تەنها بە زمانی کوردی‌و عەرەبی بنووسرێت، نەمانتوانیوە بگەینە ڕێککەوتن لەسەر مۆری ئەنجومەن»، وتیشی: «ئێمە وەک تورکمان بە پشت بەستن بە بڕیارێکی دادگای باڵای دەستووری عێراق کە ڕێگە دەدات لەو ناوچانەی نەتەوەی تورکمان زۆرن زمانی تورکمانی وەک زمانێکی ڕەسمیی بەکاربهێنرێت، سوورین لەسەر ئەوەی زمانی تورکمانیش لە مۆرەکەدا بەکاربهێنرێت».

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای کەرکوک وتیشی: «بەهۆی ئەوەی نەمانتوانی لە ئەنجومەنی قەزا گرفتەکە چارەسەر بکەین، کێشەکە چووە لیژنەی تەنسیقی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو بڕیارە ئەوان گرفتەکە چارەسەر بکەن».

ئەیاد کەمال، ئەندامی لیستی کوردی لە ئەنجومەنی قەزای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی ڕێککەوتنی نێوان لیستی برایەتی‌و لیستی گردبوونەوەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دەبێت مۆری ئەنجومەنی قەزا هاوشێوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە زمانی کوردی‌و عەرەبی بێت، بەپێی دەستووری عێراقیش زمانی عەرەبی‌و کوردی زمانی ڕەسمین».

ئەنجومەنی قەزای کەرکوک ئەنجومەنێکی خزمەتگوزارییەو بە تەوافوق‌و بەپێی ڕێککەوتنی نێوان لیستی برایەتی‌و لیستی گردبوونەوەی عەرەبی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا بڕیاری دروستکردنی درا، کە ژمارەی ئەندامەکانی لە ٢١ ئەندام پێکدێت‌و بۆ هەریەک لە نەتەوەکانی کورد، عەرەب، تورکمان بە ٦ ئەندام و سریانی‌و سابیئە بە ٣ ئەندام‌و سەرۆکی ئەنجومەنەکەش بۆ تورکمان‌و جێگرەکەشی بۆ عەرەبە.

## لە ڕاپرسییەکدا:

# نزیکەی ٨٠٪ی بەشدارانی ڕاپرسییەک متمانەیان بە بەڵێنەکانی بەرپرسان نییە

رۆژنامە

زیاتر لە نیوەی بەشداربووانی ڕاپرسییەک ئامادەنین بەشداریی هەڵبژاردن بکەن ئەگەر لە داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، نزیکەی ٨٠٪ متمانەیان بەوە نییە کە بەرپرسان بەڵێنەکانیان بەجێبهێنن‌و نزیکەی نیوەی بەشداربووانیش پەیوەندیی دەسەڵات‌و هاوڵاتییان بە خراپ دەزانن.

پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، لە ڕۆژانی ١٠-٢٤ی مانگی ڕابردوودا ڕاپرسییەکی ئەنجامداوەو لە هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان (١٠٦٥) کەس بەشدارییان تێدا کردووە.

بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ٧٤,٨٤٪ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨/١٢/١٥دا دەنگیان داوەو ٢٥,١٦٪ی بەشداربووانیش دەنگیان نەداوە، بەڵام ڕێژەکانی بەشداریکردن دوای سێ ساڵ لە تێپەڕبوونی هەڵبژاردنەکان‌و بینینی ئەدای حکومەت‌و پەرلەمان‌و دەسەڵاتداران، ڕێژەکەی گۆڕانی بەخۆوە بینیوەو ئەمجارەیان ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ٤٤,٦٩٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان بەشداریی ناکەن‌و ٥٤,٣٧٪یش بەشداریی دەکەن‌و ٠,٩٤٪ وەڵامیان نەداوەتەوە.

لە ڕاپرسییەکەدا پێشنیاز خراوەتەڕوو بۆ بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنی داهاتوداو پێشنیازەکانیش بەپێی ڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم بەمشێوەیەیە: بەرپرسە خراپەکان لاببرێن، گۆڕانکاریی‌و چاکسازیی لەناو حیزبەکاندا بکرێت، کێشەی کارەبا چارەسەربکرێت، کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت، کێشەی نەبوونی ئاو چارەسەر بکرێت.

لەو ڕاپرسییەدا کە تەمەنی بەشدارەکانی ١٨ بۆ ٤٣ ساڵە، ٤٦,٠١٪یان سەڵت‌و ٥٣,٩٩٪شیان خێزاندارن، ٣٥,٧٧٪یان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناناسن‌و ٧٥,١٢٪ی بەشداربووان ئاگاداربوون کە پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لە ٧ی ئایار تا ٢٨ی ئابی ئەمساڵ درێژەی هەبووە. زۆرینەی ئەوانەش کە ئاگاداربوون لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەت لە تەلەفزیۆن‌و ڕۆژنامەکانەوە زانیویانە.

ئەو ڕاپرسییە لە سەنتەری هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان‌و هەروەها لە قەزاکانی دەشتی هەولێر، سۆران، شەقڵاوە، ڕانیە، قەڵادزێ، هەڵەبجەی شەهید، سمێڵ‌و شارۆچکەکانی عەینکاوە ئەنجامدراوە، پرسیاری پەیوەندیی نێوان هاوڵاتییان‌و بەرپرسان بەمشێوەیە بووە، ئەنجامەکەشی بەمشێوەیە بووە: ٣٢,٢٩٪ ماماوەندی، ٢٩,٣٠٪ زۆر خراپ، ٢٤,٥١٪ خراپ، ١٢,٤٩٪ باش‌و ١,٣١٪ زۆرباش.

K.I.P.I
پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان
Kurdistan Institute For Political Issues
Website: www.rojev.org
E_mail : info@rojev.org , kipi_kurd@yahoo.com

## نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران:

# تا ئێستا حکومەتی هەرێم بە فەرمی نووسینگەی لە ئێراندا نییە

سازدانی
سیروان ژاژڵەیی

**نازم عومەر گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە کەمتەرخەم بووە لە وەڵامدانەوەیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی لە ئێران کردوویانە.**

**نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران ڕایدەگەیەنێت کە تا ئێستا نووسینگەی حکومەتی هەرێم لە تاران بە ڕەسمی نەناسێنراوەو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراقیشەوە هیچ نامەیەکی ڕەسمیان بۆ نەچووە.**

**لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا نازم عومەر دەڵێت حکومەتی ئێران بەوشێوەیە حساب بۆ ئێمە دەکات کە ئێمە بۆ خۆمانی دەکەین، لەبەرئەوەی تا ئێستا ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆمان نییە، ئەویش وەک هەرێمێک لە ڕووی یاساییەوە لە چوارچێوەی عێراقدا حسابمان بۆ دەکات.**



نازم عومەر دەباغ
- ساڵی ١٩٤٧ لە کۆیە لەدایکبووە.
- دەرچووی خانەی مامۆستایانە.
- لە ساڵی ١٩٨٠وە پێشمەرگەیە.
- ئێستا سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە تاران.

**ڕۆژنامە: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ئێران لە چ ئاستێکدایە؟**

* هەڵبەتە لە ڕووی کاروبارەکانەوە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێراندا لە ئاستێکی باشدایە، زۆربەی کارەکانمان بە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەین، لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێککەوتووین کە ٣ ساڵە خەریکین بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژە، لەوانە کڕینی کارەبا لە سنوورەکانی حاجی ئۆمەران‌و سەیدسادق کە بە بڕی ٣٠٠ مێگاوات کارەبا بۆ ئەو دوو ناوچەی ڕێککەوتووین، ئێران ئامادەیە بەدەم داخوازییەکانمانەوە بێت بەتایبەت لە بواری سووتەمەنییەوە کە ئێستا ڕەزامەندیی نیشانداوە ڕۆژانە ١٠٠٠ تەن گازوایل ڕەوانەی هەولێر بکات، بەڵام حکومەتی هەرێم لەو ڕووەوە زۆر کەمتەرخەمەو تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەداوینەتەوە، لەوکاتەوەی کە بەندە ئەرکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمم لە تاران پێ سپێردراوە، کارەکانمان بەناوی حکومەتی هەرێمەوە ئەنجامداوە، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم بە فەرمی نووسینگەی لە ئێراندا نییە.

**ڕۆژنامە: دامودەزگاکان‌و ناوەندە سیاسییەکانی ئێران لەگەڵ ئێوەدا چۆن مامەڵە دەکەن؟**

* لە ڕاستیدا نەک لە ئێران، لە هەموو وڵاتەکانی تری دنیا گیروگرفتی یاسایی هەیە، کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقی دەبێت لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە ئەم نوێنەرایەتییە بناسێنرێت کە وەک لە دەستووردا هاتووە، بەڵام ڕێگەیەکی تر هەیە بیرمان لێکردووەتەوە کە نووسینگەی پێ بکەینەوە، کە بەپێی دەستوور دەتوانین نووسینگەمان بەناوی نووسینگەی بازرگانیی‌و ئابووریی‌و فەرهەنگی بکەینەوە، بەڵام بۆ ئەمەش جارێکی تر پێویستمان بە نامەیەکە لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، چونکە وەزارەت دوو جۆر شەخسیەتی هەیە، شەخسیەتێک بەناوی سەفارەت بەناوی حکومەتی هەرێمەوە دیاری دەکات، ئەوەی تریشیان بەناوی پاشکۆی بازرگانیی‌و ئابووریی‌و فەرهەنگی.. هتد، بەڵام بۆ کاروباری سیاسی بەپێی یاسا ناتوانین، ئێمە لای خۆمانەوە لە ڕووی سیاسییەوە کەمتەرخەم نەبووین، لە هەمانکاتدا حکومەتی ئێران ڕێگر نەبووە لە ئەنجامدانی کاروباری سیاسی.

**ڕۆژنامە: ئایا تایبەتمەندیی حکومەتی هەرێم کە خاوەنی دامەزراوەی پەرلەمان‌و سیستمی بەڕێوەبردنە، لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە تا چەند لەبەرچاو گیراوە؟**

* ئەو حساب بۆ تۆ ناکات، ئەو حساب بۆ تۆ دەکات لەسەر ئەو حسابەی کە خۆت بۆ خۆتی دەکەیت، ئێمە ڕامانەگەیاندووە کە حکومەتی سەربەخۆین، بەڵام لە بوارەکانی سیاسیی‌و سەربازیی‌و داراییدا یەک سیاسەت‌و لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە ئەنجام دەدرێت‌و ناتوانیت لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا خۆت بۆخۆت ببێت کیانێک دروستبکەیت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ دەستووری عێراق، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئێران ئەم تایبەتمەندییەی داوە بە ئێمە، زۆر کاروباری سیاسی کراوە، وەک هێنانی نوێنەر، بردنی نوێنەر بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی ئێرانیی‌و بەپێچەوانەشەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، وەک پێشوازیکردنی لە سەرۆکی حکومەت‌و سەرۆکی هەرێم بۆ ئێران‌و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆک کۆمارو بەرپرسانی تری ئێران.

**ڕۆژنامە: گیروگرفتە سەرەکییەکانتان چین لە کاروبارەکانتاندا؟**

* لە هەندێک شوێندا ڕووبەڕووی یاسا دەبینەوە، تا ئێستا نامەی پێناساندنمان نییە، هەر لەبەر ئەمەش گیروگرفتمان بۆ دروستدەبێت، بەشێکیش لەو گیروگرفتانە بریتییە لە ڕۆتین‌و دواخستنی وەڵامەکانی حکومەتی هەرێم بۆ داخوازییەکانمان، هەمیشە هەوڵمانداوە لە ڕێگەی تەلەفۆن‌و ئیمێڵ‌و بە نووسراوی ڕەسمی دەنێرین بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، لەو ڕووەوە ڕەخنەی زۆرم هەیە لێیان کە لەکاتی پێویستدا وەڵاممان نادەنەوە.

**ڕۆژنامە: وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران پەیوەندیتان لەگەڵ پەیوەندییەکانی حیزبە کوردییەکانی عێراق لە ئێران چۆنەو هەماهەنگیتان هەیە؟**

* بۆ ئەوەی بتوانین نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم بکەین، زۆر جاری وا هەیە کۆبوونەوەی دەوری لەگەڵ نوێنەری حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە تاران دەکەین‌و هەماهەنگیی باشمان هەیە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئێوە وەک نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم ڕێکخەری پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی ئێرانن؟**

* زۆربەی کارەکانمان بە ڕێککەوتنە، بەشێکی لەلایەن ئێمەوەیەو بەشێکیشی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی ئێران لەناو فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لە هەرێم، کە ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە پەیوەندییەکانیان بە قونسوڵگری ئێرانەوەیە لە سلێمانیی‌و هەولێر.

**ڕۆژنامە: نووسینگەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم پەیوەندیی بە چ کەناڵێکەوەیە لە کوردستان؟**

* نووسینگەکەمان سەر بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتننامە نوێنەرایەتی سەر بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەو هاوڵاتییانەی لە کوردستانەوە بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی دێنە ئێران، لە ڕێگەی حیزبەکانەوە دێن یان لە ڕێگەی حکومەتەوە؟**

* تا ئێستا مامەڵەی هاوڵاتیمان بۆ نەهاتووە کە نەخۆش بێت ئێمە هاوکاریی بکەین کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نێردرابێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە نووسینگەی (ی.ن.ک‌و پ.د.ک) بەشێک هەیە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە حیزبین یان کەسوکاری شەهیدن یان بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە کێشەی جەستەییان بۆ دروستبووە، کۆمەکیان دەکەین، هەر هاوڵاتییەکیش پەیوەندیی بە نووسینگەی ئێمەوە بکات، چ وەک حیزب چ وەک حکومەت کە پێویست بە هاوکاریی بکات، ئەوا یارمەتیی دەدەین.

**ڕۆژنامە: نەبوونی نووسینگەی فەرمی نەبووەتە کێشە، ئەو کادیرو کارمەندانەی لە نووسینگە کارتان لەگەڵدا دەکەن، لەسەر چ بنەمایەک کاردەکەن؟**

* بەپێی پێویست ئامادەگیمان هەیە لە نووسینگە، لەبەرئەوە تا ئێستا توانیومانە ئەو نەبوونی نووسینگەی ڕەسمییە لە ڕێگەی نووسینگەکانی یەکێتیی‌و پارتییەو پڕبکەینەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوکاتەی کە بە فەرمی نووسینگە دەکەینەوە، پێویستمان بە کارمەندو کادیر دەبێت، نووسراومان ناردووە کە دەبێت ستافی نوێنەرایەتی دیاری بکرێت، بەندەش ناسراوە بە سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم وەک کەسێک، بەڵام ستاف بە ڕەسمی دیاری نەکراوە.

**ڕۆژنامە: بۆچی نووسینگەکەی ئێران هیچ تابلۆیەکی بە بینای نووسینگەکەوە نییە؟**

* ئێمە کە لە تارانین نووسینگەی ڕەسمیمان نییە، ئەگەر تابلۆکەش بنووسین دەبێت بنووسین سەفارەتی کۆماری عێراق لەژێریشەوە بنووسرێت پاشکۆی نوێنەرایەتیی فەرهەنگی ئابووریی بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران، ئەمە لەکاتێکدا بە ڕەسمی ناسێنرا، بەڵام ئێمە ئێستا وەکو حیزب بە یاسا لە مەجلیسی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ناوی تۆمارکراوەو دانی پێدانراوە، کە یەکێتی نووسینگەی هەیە لە تاران‌و مەریوان، بەڵام نووسینگەی حیزبەکان لە ئێران مافی ئەوەیان نییە تابلۆ هەڵواسن، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە حەسانەیان هەیە.




دەروو
سایتی ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی (ڕەگ)

## چارەنووسی ڕەگ بەرەو کوێ؟

# «ئەگەر (ڕەگ) بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، بەرەو پووکانەوە دەچێت»

**دیە فازڵ**

ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرنامەی کارکردنیان ڕادەگەیەنن، تەئکیدیش دەکەنەوە کە ئەوان هەروەک کادیری یەکێتی کاردەکەنو گوێ بە بڕیاری دەرکردنیان لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە نادەن، بەڵام ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات لەو بڕوایەدان ئەگەر ڕەوتەکە تەنها لە چوارچێوەی ئەو چوارکەسەدا بمێنێتەوەو بەمشێوە کارکردنەی ئێستای بەردەوام بێت، بەرەو پووکانەوە دەچێت.

ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی (ڕەگ) کە لە ١٠/٧دا وەک «دەنگی هەزاران ئەندامو کادیری یەکێتیو خەڵکی دڵسۆزی کوردستانو وەک پێویستییەکی ئەم قۆناغە» لەلایەن چوار کادیری دێرینی یەکێتییەوە ڕاگەیەنرا، وەک لە ڕاگەیەنراوەکەیاندا هاتووە، کار بۆ گۆڕینی بنەڕەتی دەکەن لەنێو یەکێتی نیشتمانی.

ڕێبوار فەتاح، سەرنووسەری سایتی کوردش میدیا، لەو بڕوایەدایە ئەگەر ئەو ڕەوتە تەنها لە چوارچێوەی ئەو ٤ کەسەدا بمێنێتەوە، ئەوا پاش ماوەیەکی کەم بەرەو نەمانو پووکانەوە دەچێت، چونکە چەندین ئەزموونی وەک ئەو ڕەوتە لە ماوەی ڕابردوودا سەریانهەڵداوەو پاش ماوەیەک نەماون.

لەدوای ڕاگەیاندنی ڕەوتەکەوە تا ئێستا بەردەوام ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتو کادیرو کەسوکاری شەهیدانو ڕۆشنبیران پشتگیریی‌و پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو ڕەوتە ڕادەگەیەنن، لە بەیاننامەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناوەڕاستی بەریتانیادا هاتووە «جێگەی داخە» کە ئێستا بەهۆی هەڵە بەکارهێنانو پاوانکردن لەلایەن چەند کەسێکەوە لە دەسەڵاتدا، یەکێتی تووشی قەیرانی گەورەبووەو ئێستا سیستمی بەڕێوەبردن لەناو یەکێتیدا بریتییە لە «خزمەتکردن بە کۆمەڵێک کەس کە بەرژەوەندیی خۆیان لەسەروو کوردو یەکێتییەوە دەبینن»، ئەم بەیاننامەیە کە بە ئیمزای دەیان کادیرو ئەندامی نێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە بەریتانیا بڵاوکراوەتەوە، کە تا ئێستا لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیدا کاردەکەن، هاوکات چەندین بەیاننامەی پشتگیریی لە ڕەوتەکە لەلایەن ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە هۆڵەنداو سویدو دانیمارکو لەلایەن پێشمەرگە دێرینەکانو کەسوکاری شەهیدانەوە بڵاوکراوەتەوە، سەدان کەسیش لە ڕێگەی نووسینەکانیانو کۆمێنت لەسەر بڵاوکراوەکانەوە، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو ڕەوتە دەربڕیوە.

ئەو کەسانەی تا ئێستا پشتگیریی لە ڕەوتەکە دەکەن، تەنها لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەو لە ڕێگەی نووسراوەوە پشتگیریی خۆیان نیشانداوە، تا ئێستا وەک ئەندامو کادیری یەکێتی لەنێو ڕیزەکاندا ماونەتەوە، چاودێرانی سیاسیو کەسانی ڕۆشنبیری دەرەوەی وڵات ڕەخنەیان لە شێوازی کارکردنی ڕەوتەکە هەیە، کە باس لە (ڕەگ) دەکرێت تەنها باس لەو ٤ کادیرە دەکرێت کە ڕەوتەکەیان ڕاگەیاندووە، بەڵام هەڤاڵ کوێستانی کە یەکێکە لەو چوار کادیرەی (ڕەگ)یان ڕاگەیاند، ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە وتی: «ئەو ٤ کادیرە تەنها وەک قسەکەری (ڕەگ)نو ڕەوتەکە بە دەیان ئەندامو کادیری لەناو یەکێتیدا هەیە، کە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان پشتگیریی دەکەنو دەنگی ناڕەزایی نێو یەکێتینو دەیانەوێت کۆتایی بە نەهامەتییەکانی نێو ئەو حیزبە بهێنن»، تەئکیدیشی کردەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرنامەی کاری ڕەوتەکە بەتەواوی ڕادەگەیەنرێت.

ئەو ٤ کادیرەی کە بە وتەی خۆیان «قسەکەری ڕەوتی ڕەگن»، بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە ڕیزەکانی یەکێتی دەرکراون، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی پشتگیرییان لێدەکەن لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیدان، وەک هەڤاڵ کوێستانیش تەئکیدی کردەوە، هەروەک کادیری یەکێتی کاردەکەنو دان بە بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسیدا نانێن بۆ دەرکردنیان لە حیزب.

هەڤاڵ کوێستانی وتیشی: ئەو خەڵکەی پەیوەندی دەکات دوو مەبەستیان هەیە، یەکەمیان بۆ پشتگیرییەو دووەمیشیان بۆ پەشیمانکردنەوەی مەکتەبی سیاسییە لەو بڕیارەی سەبارەت بە هەڵسوڕاوانی (ڕەگ)ە دەریکرد.

لەساڵانی ڕابردوودا چەندین ئەزموونی وەک ڕەوتی ڕەگ هەبوون کە لەنێو خودی حیزبێکدا وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو خۆیان ڕاگەیاندووە، بەڵام بەهۆی مانەوەی لە چوارچێوەی حیزبەکەدا بەرەو نەمان چوون، ڕێبوار فەتاح لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا ناکرێت ئەو ئۆپۆزسیۆنە ڕێکخراوەی باسی لێوەدەکرێت لەنێو خودی حیزبەکەدا بمێنێتەوە، هەربۆیە ئەگەر (ڕەگ)و ئەو کادیرو ئەندامانەی کە پشتگیریشی لێدەکەن لەنێو یەکێتیدا بیانەوێت کاربکەن، ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابن، ئەگەر ئامانجی ئۆپۆزسیۆنەکەیان تەنها لە چوارچێوەی گۆڕانکاریی نێو حیزبێکی سیاسیدا قۆرغ بکەن.

لە بەرامبەرداو لە کارنامەی گۆڕینی دیموکراسیدا چەندین ئامانجی دیموکراسیو سیاسیو کوردستانیو نەتەوایەتیو ژینگەو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو کلتووری باسی لێوەکراوە، کە کارێکی ئاسان نییە بەوشێوەیەی ئێستا ڕەوتەکە کاردەکەن بهێنرێنەدی، ئەگەر ئەو لایەنگرانە ئەرکەکانیان دیاری نەکرێت، لەمبارەیەوە یەکێک لە قسەکەرەکانی ڕەوتی ڕەگ باسی لەوەکرد کە ئەوان نایانەوێت ڕێکخستن یان حیزب پێکبهێننو ئەندامو کادیر بۆخۆیان کۆبکەنەوە، ئەوەش ڕەتدەکەنەوە کە ڕێکخستن لەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا دروستبکەن، چونکە ڕەوتی ڕەگ تەنها باوەڕیان بە ڕێکخستنەکانی نێو یەکێتی هەیەو لە چوارچێوەی ئەو حیزبەدا کاردەکەن.


هەڵسوڕاوانی ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی لەکاتی ڕاگەیاندنی ڕەوتەکەیاندا

# ئەفسەرەکانی ڕژێمی بەعس لە موسڵ خۆیان کۆدەکەنەوە

**هەستیار قادر**

ئەفسەرانی سوپای ڕژێمی بەعس لە شاری موسڵ چەند گرووپێک دروست دەکەنو بەرپرسێکی ئەو شارەش بە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی حیزبی بەعس تۆمەتباریان دەکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ماوەیەکە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی ڕژێمی پێشووی بەعس لە شاری موسڵ خەریکی خۆکۆکردنەوەنو گرووپی جیا جیایان پێکهێناوەو بەیاننامەی ناڕەزایی لە دژی حکومەتی عێراقو لایەنە سیاسییەکانی موسڵ دەردەکەنو هەندێک جاریش کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی سازدەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان.

لەوبارەیەوە محەمەد بەشیر، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو ئەفسەرە کۆنانەی ڕژێمی بەعس کە لە (٣) گرووپدا خۆیان کۆکردووەتەوەو چالاکی جیاجیا ئەنجام دەدەنو کارو چالاکییەکانی بە «هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ڕژێمی بەعسو ئەنجامدانی کاری شۆڤێنییانە» لەقەڵەمداو بە دووریشی زانی ئەو هەوڵانەیان سەربگرێت.

# دۆسیەی تاوانبارانی خۆپیشاندانەکەی کەرکوک دەبرێتە دادگا

**ئاسۆ کەرکوکی**

کۆمەڵەی خۆپیشاندەرانی کەرکوک دۆسیەی «تاوانباران»ی خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٨٢ دەگەیەنێتە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانیش داوای ناوی تۆمەتبارەکان دەکات.

هاوڕێ کرێکار، بەرپرسی کۆمەڵەی خۆپیشاندەرانی ١٩٨٢ی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، وەک ژمارەیەک بەشداربووی خۆپیشاندانەکە لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەشداربووانو ناوی شەهیدو لەسێدارەدراوەکاندایین، بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی ٢٠٠٧دا کۆمەڵەیەکمان دروستکرد، کە لە ١١ کەس پێکهاتووە، بەناوی (کۆمەڵەی خۆپیشاندەرانی ساڵی ١٩٨٢ی شاری کەرکوک) لە قۆناغی یەکەمدا توانیومانە «ئاماری دروستی شەهیدو لەسێدارەدراوو کەمئەندامو بریندارو دەستگیرکراوەکانی خۆپیشاندانەکە کۆبکەینەوە».

ئەو کۆمەڵەیە ئێستا لە هەوڵی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانەدان، کە دەستڕێژی گوللەیان لە خۆپیشاندەران کردووەو دەستگیریان کردوون، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی دادوەر محەمەد عورێبی، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیان کردووەو عورێبی داوای ناوی تۆمەتبارەکانی کردووە لەگەڵ شایەتحاڵەکانو ژمارەی قوربانییەکان.

هاوڕێ کرێکار، باسی لەوەکرد کە ژمارەی تۆمەتبارەکان ٢٠ کەسەو تەنها یەک کەسیان کوردە، کە هەندێکیان لەژیاندا نەماونو هەندێکیشیان تاکو ئێستا دەسەڵاتدارن.

خۆپیشاندانی خوێندکارانی شاری کەرکوک لە ١٩٨٢/٥/٦ ئەنجامدرا، کە بەهۆی دەستڕێژی گوللەی ئەوکاتی دەسەڵاتدارانی بەعس ٩ کەس گیانیان لەدەستداو ٩٥ خۆپیشاندەریش بریندار بوون، کە ئێستا ٨یان کەمئەندام بوونو ٢٠٠ خۆپیشاندەریش دەستگیرکران، کە ١١یان لەسێدارەدران.

# ئۆباما، سیاسییەکانی کوردستان یەکدەخات

**هەستیار قادر**

ئەمڕۆ هەڵبژاردن بۆ دانانی سەرۆکێکی نوێ لە ئەمریکا دەکرێتو سیاسییەکانی کوردستانیش پێشبینی بردنەوەی ئۆباما دەکەن.

قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەڵێت، ئەگەر هیچ موفاجەئەیەک ڕوونەداتو باڵانسەکە نەگۆڕێت بە بەرژەوەندی جۆن مەکەین، باراک ئۆباما دەردەچێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە قادر عەزیز ڕوونیشی کردەوە لە دژایەتیکردنی توندوتیژیو دیکتاتۆرەکاندا کۆمارییەکان توندترن، بەڵام بۆ هەڵوێستی نەرم نواندن لەبەردەم کێشەکان دیموکراتییەکان باشترنو سیاسەتێکی جیاوازیشیان لەبەرامبەر عێراقدا هەیەو کۆمارییەکان لەگەڵ مەرکەزیەتی عێراقدان، بەڵام ئۆباماو جۆزێف بایدنی جێگری کە خاوەن پرۆژەی دابەشکردنی عێراقە بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵو مەرکەزێکی لاوازداو ئەمەش بە قازانج دەشکێتەوە بۆ کورد .

وتیشی: ئەگەر هاوڵاتییەکی ئەمریکی بوومایە، دەنگم بە باراک ئۆباما دەدا.

لەبارەی بۆچوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە کە سەلاحەدین بەهادین سەرۆکایەتی دەکات، مەولود باوە موراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی وتی: «لە سەرکردایەتی حیزبدا گفتوگۆمان کردووەسەبارەت بە گەڵاڵەکردنی هەڵوێستێک لەمەڕ هەردوو پاڵێوراوی دیموکراتیو کۆمارییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا، ئەو مەسەلەیە یەکلایی نەکراوەتەوە کە پێمانخۆشبێت ئۆباما دەربچێت یان مەکەین، بەڵام زۆرترین ئاماژەکان بۆ ئەوەبوو کە تێڕوانینی ئۆباما بۆ مەسەلەی کورد ڕوونترە.

عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتی: «هیچ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان مەکەینو ئۆباما نابینم، سیاسەتی دەرەوەیان وەک یەکە».

# سەرۆکی لیژنەی یاسایی: کەرتی تایبەت لە هەردوو پرۆژەیاسای مافی بەکاربەرو قۆرغکاریی سوودمەند نابێت

**ستارە عارف**



هاوڵاتییان قوربانیی یەکەمی نەبوونی یاسایەکن بۆ ڕێکخستنی بازاڕ فۆتۆ: ڕۆژنامە

قۆرغکردنی کەرتە ئابوورییەکان‌و نەبوونی مافەکانی بەکاربەر، دۆخێکی شڵەژاوو بێ سەروبەرەو مەترسیداری لە بازاڕەکانی کوردستاندا هێناوەتە کایەوە، بە جۆرێک هەندێک لە چاودێران ڕایان وایە کە بازاڕەکانی کوردستان‌و ئەو مامەڵانەی تیایاندا دەکرێت، ناچنە ژێر ڕکێفی هیچ بنەمایەکی ئابووری‌و مەنتیقییەوە.

لە ٨ی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمدا پرۆژە یاساکانی پاراستنی بەکاربەرو کێبڕکێی تاووتوێ کرد، پرۆژەیاسای پاراستنی بەکاربەر لە ٨٨ مادەو پرۆژەیاسای کێبڕکێ لە٤١ مادە پێکهاتووەو لە دانیشتنەکانی پێشووی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراون.

چرۆ عەلی ئەمین، بڕیاردەری لیژنەی دارایی‌و ئابووری‌و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، باسی لەوە کرد کە پرۆژەکان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو هێشتا نەخراونەتە بەرنامەی کارکردنەوە. ناوبراو ئەوەشی باسکرد کە ئابووری کوردستان لە ئاستێکی بەهێزدا نییە، بۆیە ئەم پرۆژەیاسایە گرنگەو پێویستە کار بۆ چەند پرۆژەیەکی تریش بکرێت، چرۆ وتیشی: «هەر پرۆژەیاسایەک بۆ بەرژەوەندی گشتیی بێت، بێگومان پەسەند دەکرێت».

پرۆژەیاسای کێبڕکێ بەهایەکی تایبەتی هەیە بۆ کۆمپانیاکانی پشکدارو گۆڕینەوە «مقایصة»، بەڵام ئەو جۆرە کۆمپانیایانە هێشتا لە کوردستاندا پەرەیان نەسەندووە، بۆیە کاریگەریی ئەو یاسایە لە ماوەی (٥) ساڵی داهاتوودا ڕەنگدەداتەوە، واتە پلانی درێژخایەنن بۆ بواری ئابووری‌و پەرەپێدانی ئەم کەرتە.

لەو کۆبوونەوەیەی کە لە مانگی ڕابردوودا لە نێوان وەزارەتی بازرگانی‌و لیژنەی یاسایی پەرلەماندا ئەنجامدرا، ئەوە خراوەتەڕوو کە یاسای کێبڕکێ سەرچاوەیە بۆ یاسای پاراستنی بەرکابەرو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەروا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە لە ڕێگەی دامەزراندنی یەک دەزگای تایبەتەوە هەردوو یاساکە بەڕێوە دەبرێن. پاشان هەردوو لایەنی کۆبوونەوەکە داوایانکردووە گفتوگۆکان لەسەر تاووتوێکردنی هەردوو پرۆژەکە درێژبکرێتەوە، بۆئەوەی باشتر گەڵاڵە بکرێن، لەسەر ئەوەش ڕێککەوتوون کە پێش خستنەڕووی هەردوو پرۆژەکە لەبەردەم پەرلەماندا، چەند سیمینارێک بۆ پەرلەمانتاران ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی سەرجەم بنەماو خاڵە سەرەکی‌و ئامانجەکانی پرۆژەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوەو بەرچاوڕوون بن لەکاتی گفتوگۆکاندا.

د. محەمەد سەلمان، پسپۆڕی ئابووری‌و مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕیی‌و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، ڕای وایە کە ئەگەر بە پراکتیکی کار بەو پرۆژەیاسایانە بکرێت، دەتوانرێت کاریگەر بێت، بەڵام ژینگەی هەر کۆمەڵگەیەک هۆکارە بۆ پەیڕەوکردنی یان نەکردنی، ئەو شارەزا ئابوورییە هێمای بۆ ئەوەشکرد کە ئەگەر ژینگەیەکی ئابووری‌و زانستی ئامادە بکرێت‌و کاری پێبکرێت، ئەوا دەبێتە فاکتەرێک بۆ پێشکەوتنی کەرتی تایبەت‌و ڕکابەرایەتی لە نێوان کەرتە ئابوورییەکاندا، چونکە یاساکان بەشێوەیەکی زۆر سەردەمییانە نووسراونەتەوەو پێشانی چەند شارەزایەکی ئەورووپیش دراون.

پێشخستنی ڕکابەرایەتی دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەرتی تایبەت، چونکە بەو هۆیەوە دەتوانرێت باشترین کاڵا بەرهەم بهێنرێت‌و لە بواری جۆرێتییەوە زۆرترین خواست‌و خستنەڕووی لەسەر بێت، بەم شێوەیە کەرتی تایبەت دەبێتە فاکتەری گەشەکردنی ئابووری‌و زیادبوونی کێبڕکێی ئابووری‌و کەرتەکانی وەبەرهێنان‌و سەرمایەگوزاری.

لە دیارترین ئامانجەکانی پرۆژەیاساکە ئەوەیە کە ڕێساکانی گشتیی بۆ پاراستنی بەکاربەرو پاراستنی مافەکانی دیاری بکرێت، ئەویش لەمیانەی مسۆگەرکردنی کاڵای ساغ‌و تەندروست‌و دابینکردنی شەفافییەت لە مامەڵەکاندا کە بەکاربەر یەکێکە لەلایەنەکانی، ئەوە سەرباری مسۆگەرکردنی ژینگەیەکی تەندروست‌و ساغ بۆ ژیانی بەکاربەر.

پاراستنی بەکاربەر لە فرۆفێڵ‌و ڕاگەیاندنی هەڵخەڵەتێنەرو ڕێگەگرتن لە چەوساندنەوەیان‌و بێگومانکردنیان لەوەی کە مامەڵەیەکی بازرگانی پاکیان لەگەڵدا بکرێت‌و دوور بێت لە زیانگەیاندن بە تەندروستی‌و ساغ‌و سەلامەتی‌و ڕۆشنبیرکردن‌و هۆشیارکردنەوەیان بە مافەکانیان.

سەعید زێباری، ڕاوێژکاری ئابووری‌و ئەندامی داڕێژەری پرۆژەکان، ئاماژەی بەوەدا کە پرۆژەکان کاریان پێنەکراوەو بەشێوەی کۆتایی تەواو نەبوون، بەڵام ئەگەر کاریان پێبکرێت، زۆرترین ماف بۆ بەکاربەر دەگەڕێتەوە، چونکە بەکاربەر نازانێت مافەکانی چین‌و زۆرترین مافی خوراوە، ئەو پێشیوایە کە یاساکە سنووریش بۆ قۆرغکاریی دادەنێت، بەمەرجێک لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی ئابووریدا بگونجێت.

لە مادەی پێنجەمی بەشی سێهەمی پرۆژەی مافی بەکاربەردا کە تایبەتە بە مافەکانی بەکاربەر، باس لەوە دەکات کە بەکاربەر دەبێت مافی گۆڕینی کاڵاو چاککردن‌و گەڕاندنەوەی ئەو پارانەی کە داویەتی بەرامبەر بە خزمەتگوزارییەکانی هەبێت، ئەوە سەرباری بوونی ماف لە دەستکەوتنی زانیاریی‌و بەیاناتی دروست‌و تەواو کە پەیوەستە بە کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، لەوانەش نرخەکەی‌و تایبەتمەندییەکانی‌و ڕێگەکانی بەکارهێنان‌و ئەگەری ئەو مەترسییانەی کە لەبەردەم بەکارهێنانی دروستدەبن.

لە لایەکی ترەوە بەکاربەر دەبێت مافی تەواوی هەبێت لە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بە خۆی‌و سامانەکەی دەگات، ئەویش لە ئەنجامی بەکاربردنی کاڵا، بەکاربەر مافی ئەوەی هەیە دەرهەق بە هەر شتێک کە زیان بە مافەکانی بگەیەنێت، یان مافەکانی لەبەرچاو نەگیرێت، داوای یاسایی بەرز بکاتەوە.

جوتیار مەجید، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری دارایی‌و ئابووری پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو کە پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دەبێت کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لیژنەکاندا بکرێت بۆئەوەی بزانرێت بە کوێ گەیشتووە، بەڵام ئاماژەی بەوەشکرد کە پرۆژەکان دوو پرۆژەی زۆر چاکن‌و جەختیان کردووەتەوە لەسەر پێویستی‌و مافەکانی بەکاربەر.

بە ڕای جوتیار مەجید، پرۆژەی دووەمیش کە پرۆژەی ڕکابەرایەتی‌و قۆرغکارییە، دەتوانێت ڕێ‌و شوێنی قۆرغکاری کۆمپانیاکان دیاری بکات‌و ڕێگرە لە دزێوی‌و قۆرغکاری‌و گرانی بازاڕ. ئەوە لە کاتێکدایە ناوبراو پێیوایە کە ئێستا لە کوردستاندا ڕکابەرایەتی‌و بازاڕی ئازاد پێوەرەکانی وەک خۆی نییەو ڕکابەرایەتی بەپێی بنەماکانی بازرگانیی نییەو بازرگانەکان بە خواستی خۆیان بڕیار لەسەر بازاڕو هێنانی کەلوپەل دەدەن، بۆیە ڕکابەرایەتی دروست نابێت.

لە کاتێکدا هەر سەرپێچی‌و لادانێک لە جێبەجێکردنی بڕگەو بەندەکانی پرۆژەیاساکەدا ڕوویدا، بکەرانی سەرپێچییەکان دەکەونە بەردەم لێپرسینەوەی یاساو دادگایی دەکرێن.

شیروان ناسیح حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، باسی لەوەکرد مەبەستیان نییە کە دادگایەکی تایبەت دابنرێت، بەڵکو دانانی دادگاییەکی ئاساییەو تایبەت بێت بەو کێشانە کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەوە دێنە کایەوە. شیروان حەیدەری، ئەوەی خستەڕوو کە ناوەڕۆکی پرۆژەکان پێداگرتنە لەسەر ڕکابەرایەتی ئازادو تاڕادەیەک قەدەغەکردنی قۆرغکارییە، حەیدەری وتیشی: «ئەم یاسایە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەشتێکی پێویست دادەنرێت، بەڵام کەرتی تایبەت لەهەردوو پرۆژەیاساکەدا سوودمەند نابن».

## بەهۆی دواکەوتوویی سیستمی بانکی، عێراق لە گەردەلوولی قەیرانی دارایی دوور دەکەوێتەوە

**ئاژانسەکان، ڕۆژنامە**

باقر جەبر زوبێدی، وەزیری دارایی عێراق، ڕایگەیاند: تا ئێستا عێراق بە شێوەیەکی ڕەها لە قەیرانی دارایی جیهان زەرەرمەند نەبووەو ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ دواکەوتوویی سیستمی بانکی‌و ڕافیع عیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانیش ئاشکرایکرد، کە حکومەت بەم زووانە ژمارەیەک چاکسازیی ئابووری‌و دارایی ئەنجام دەدات.

لە دیدارێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعێراقییەدا، زوبێدی هۆکاری دواکەوتوویی سیستمی بانکی عێراقی گەڕاندەوە بۆ ڕژێمی پێشوو، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە کۆنیی سیستمەکە لەوەدایە تا ئێستا ئاڵوگۆڕ بە دینار دەکرێت نەک لە ڕێگەی ئیمەیڵ‌و حەواڵەی بانکی ئەلکترۆنییەوە».

قەیرانی ئابووریی جیهان کە سەرەتا لە کەرتی خانووبەرەوە دەستیپێکردو ئابووریی ئەمریکای هەژاند، بەم دواییانە بووە هۆی ئیفلاسبوونی ژمارەیەک لە بانک‌و دامەزراوە داراییە گەورەکانی ئەو وڵاتەو پاشان ئەورووپاو ئاسیاشی گرتەوە.

ڕافع عیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە وتارێکی کۆنگرەی کارو وەبەرهێنانی عێراقی – ئەمریکیدا ڕایگەیاند، کە حکومەت بەم زووانە ژمارەیەک چاکسازیی دارایی و ئابووری ئەنجام دەدات.

لە بەیاننامەیەکی نووسینگەی عیساویدا هاتووە "لە هەوڵێکدا بۆ بەهێزکردنی ئابووری‌و هاندانی هەلی وەبەرهێنان، حکومەت لە هەوڵدایە بۆ سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی کۆمپانیا گشتییەکان‌و گۆڕینیان بۆ کۆمپانیای هاوبەش‌و تێکەڵ. ڕوونیشیکردەوە کە "ئەم هەنگاوە لە کاتێکدایە کە عێراق پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوەو چەندین گۆڕانکاریی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی چاوەڕێی دەکات».

## عێراق گوێ بە گوشارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی نادات

**ئاژانسەکان، ڕۆژنامە**

فازڵ نەبی، بریکاری وەزیری دارایی عێراق، هەموو ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە، کە باس لە کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق دەکەن.

بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩ کە بڕیار بوو ٨٠ ملیار دۆلار بێت، بەهۆی نزمبوونەوەی بەهای نەوتەوە داشکێنرا بۆ ٦٧ ملیار، بەڵام بەپێی لێدوانەکانی بەرپرسە داراییەکەی عێراق، هەرکاتێک نرخی نەوت بەرزبووەوە، دەتوانرێت بوودجەی تەواوکاری دەربکرێت وەک ئەوەی ئەمساڵ جێبەجێ کرا.

د. فازل نەبی، ئەوەشی ئاشکراکرد، هەموو هەوڵ‌و کۆششێک دەخەنە گەڕ تاوەکو ئەو کەمبوونەوەیە لەسەر حسابی مووچەی فەرمانبەران نەبێت‌و مووچە وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش گوشاریان بخاتە سەر، مووچەی فەرمانبەران کەم ناکەنەوە، چونکە مووچەی فەرمانبەران بووەتە یاسا، بەڵام لەبەرئەوەی پابەندییەکیان لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا هەیە، بۆیە ناچارن بەشێوەیەکی کاتیی زیادەکە خەرج نەکەن‌و لەسەرەتای ساڵی داهاتوودا زیادەی ئەو چەند مانگەی کە بڕدراوە، بیگەڕێننەوە، بۆیە بیر لەوە دەکەنەوە کە خەرجییەکانی حکومەت لە بواری دیکەدا کەم بکەنەوە، نەک مووچە.

## عێراقی

### ئیئتیلافی شیعە دوولەت دەبێت

هاوپەیمانێتییەکان لە ناوەڕاستو باشووری عێراق گۆڕانکارییان بەخۆیانەوە بینیوەو لەو چوارچێوەیەشدا ئیئتیلافی شیعە کە ئێستا گەورەترین هێزە لە پەرلەمانی عێراقدا، بووە بە دوو کوتلەی جیا.

لیستی (ئیئتیلافی دەوڵەتو یاسا) کە حیزبی دەعوە سەرۆکایەتی دەکاتو حەوت حیزبی لەخۆگرتووە، یەکێکە لە کوتلەکانو لیستی (شەهیدی میحراب)یش کوتلەیەکی دیکەی جیابۆوەیە لە ئیئتیلافی یەکگرتوو، کە ئەنجومەنی ئیسلامی سەرۆکایەتی دەکاتو شەش حیزبی لەخۆگرتووە.

### ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە

وەزارەتی تەندروستیی عێراق لە ئامارێکدا بڵاویکردەوە ٨٣٪ی ژنان ژێردەستەی هاوسەرەکانیانن‌و لەو ڕێژەیە زیاتریش غیرەیان لێدەکرێتو لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕووبەڕووی توڕەبوون دەبنەوە.

بەپێی ئەو ئامارە کە لە هەموو عێراقدا ئەنجامدراوە، ٧٤٪ی ژنان پێش چوونە دەرەوەیان لە ماڵەکانیان، مۆڵەت لە پیاوەکانیان وەردەگرن‌و ٣٣٪ی ژنانیش ڕووبەڕووی توندوتیژی‌و سوکایەتیپێکردن دەبنەوە، بەڵام بەپێی ئامارەکە ڕێژەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا نیوەی ڕێژەی ناوەڕاستو باشوورە.

ئاژانسەکان

# سوریا سوکایەتی بە زیندانییانی کورد دەکات

## نوری بریمۆ: ئەو کارە پەیوەندیی بە مانگرتنی حیزبو ڕێکخراوەکانەوە هەیە



ڕۆژنامە

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی سوریا هەڕەشەو سوکایەتییان بە زیندانییە کوردەکانی قامیشلۆ کردووەو ئەو ژمارەیەش کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دەستگیرکرابوون، دوێنی ئازادکران.

پێرێ زیاتر لە ١٨٧ کوردی خۆرئاوای کوردستان لەلایەن حکومەتی سوریاوە کە بەعسییەکان بەڕێوەی دەبەن، دەستگیرکران، زیاتر لە ١٥ کەسیان بەرپرسی لایەنە سیاسییەکانن، لەنێویاندا عەبدولکەریم بەشار، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردو فوئاد عەلیکۆن، سکرتێری یەکێتی کورد لە سوریای تێدایە.

دەستگیرکردنی ئەو کوردانە لەکاتی مانگرتنی ژمارەیەک لە لایەنگرانی پارتو ڕێکخراوە کوردییەکانی خۆرئاوای کوردستان بوو لەبەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە، کە بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لە مەرسومی ٤٩ی حکومەتی سوریا کۆبووبوونەوە.

هاوکات بەپێی ڕۆژنامەی سیاسەی کوەیتی، دەسەڵاتدارانی سوریا هەڕەشەو سوکایەتییان بە زیندانییە کوردەکانی زیندانی قامیشلۆ کردووە، بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکە، کە لە «سەرچاوەیەکی زۆر تایبەتەوە» وەریگرتووە، زیندانییەکانی قامیشلۆ لە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندییان بە خێزانەکانیانەوە کردووەو دواتر پێیان زانراوەو دەسەڵاتدارانی زیندانەکەش گرفتیان بۆ دروستکردوون لە پاشان سوکایەتییان پێکردوون‌و ئەشکەنجەیان داون.

نوری بریمۆ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ پێدەچێت سوکایەتیکردن بە زیندانییەکان پەیوەندیی بەو مانگرتنەوە هەبێت، کە پێرێ لەبەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە لەلایەن ڕێکخراوو پارتە کوردییەکانەوە ئەنجامدرا.

ڕۆژنامەی سیاسەی کوەیتی لە زاری سەرچاوە تایبەتەکەیەوە بڵاویکردووەتەوە، هێزەکانی ئاسایشی سوریا مەترسیی دووبارەبوونەوەی ئەو سیناریۆیەیان هەیە کە لە زیندانی سیدنایا ڕوویداو زیندانییەکان بۆماوەی چەند هەفتەیەک لە بەڕێوەبەرانی زیندانەکان هەڵگەڕانەوە، بۆیە هێزە ئەمنییەکان بڕیاریان داوە هەموو جوڵەیەکی زیندانەکان سەرکوت بکەن‌و ڕێگە نەدەن هیچ زانیارییەک دزە بکاتە دەرەوەی زیندانەکان.

بەپێی مەرسومی ٤٩ی حکومەتی سوریا، ڕێگە نادرێت کوردەکانی ئەو وڵاتە هیچ زەوییو موڵکێک لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن‌و ناشتوانن هیچ کرێکارێک لە ناوچەکانی ترەوە بهێنن تا لە زەوییەکانیاندا کاربکات.

## جیهانی

### چافێز پشتیوانیی لە ئۆباما دەکات

هۆگۆ چافێز، سەرۆکی فەنزوێلا، ئامادەیی وڵاتەکەی پیشاندا بۆ گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا، ئەگەر باراک ئۆباما ببێتە سەرۆکی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئاماژەی بەوەشکرد ئۆباما ڕوخسارێکی نوێی ئەمریکا دەبێتو دەتوانێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیاسەتەکانی ئیدارەی واشنتۆندا بکات، بۆچوونیشی وایە کە «پیاوە ڕەش پێستەکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێتو سەردەمێکی نوێ لەنێوان وڵاتەکەی‌و ئەمریکادا دێتە ئارا».

### حکومەت خۆی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی ئامادە دەکات

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاریداوە لە کۆتایی ئەمساڵدا دەستبکات بە بنبڕکردنی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. عەلی عەلاق، ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران، ئاماژەی بەوەکرد حکومەت ستراتیژییەتێکی نوێی داڕشتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی ئیداریی، بۆ ئەو مەبەستەش گۆڕانکاریی لە چەندین پۆستی باڵای ناو دامودەزگاکاندا دەکاتو «کەسانی شیاو» دادەمەزرێنێت.

ئاژانسەکان

# ئەنجامدانی کودەتا لە عێراقدا بەدوور نازانرێت

## مەحمود عوسمان: کەلێنی سیاسیی بواری بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیی ئاسان کردووە

سالح ڕەحمان

پەرەسەندنی ناکۆکییەکان‌و هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر وڵاتدا، عێراق بەرەو وڵاتی میلیشیایی دەباتو چاودێرانیش ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەی لەو وڵاتەدا ڕوودەدەن، بە «مەترسیی» بۆ سەر پرۆسەی سیاسی لەقەڵەم دەدەن، بە وتەی سیاسییەکیش مەترسیی ئەوە لەئارادایە ئەو ناهاوسەنگی‌و هەماهەنگییەی ئێستا لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە، بوار بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیی بڕەخسێنێت.

سەرتیپ کاکەیی، پەرلەمانتاری عێراقو ئەندامی لیژنەی ئاسایش‌و بەرگری، ئاماژە بەوەدەکات پڕچەککردنی سوپاو دروستکردنی چەندین هێزی چەکداریی جۆراوجۆر، مەترسیی بۆ سەر پرۆسەی سیاسی‌و سیستمی دیموکراتی عێراق هەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە کاری بۆ دەکرێت، وتیشی: «دەسەڵاتی سەربازیی لە سنووری خۆی دەرچووەو ئێستا لەلایەن فەرماندە سەربازییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، ئەوەش مەترسیی ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی زیاتر دەکات».

بە درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، تا ئێستا شەش کودەتای سەربازیی لە عێراقدا ڕوویانداوەو پاش سەرکەوتنیشیان کودەتاچییەکان کەوتوونەتە پاکتاوکردنی نەیارەکانیان. بە وتەی کاکەیی جموجۆڵکردنی سوپا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو پێدانی دەسەڵاتی ڕەها بە هێزە سەربازییەکان، واتای ئەوەیە کە فەرماندەیی‌و جوڵاندنی ئەو هێزانە بۆ مەبەستی سیاسییە کە پێچەوانەی دەستوورە، چونکە لە دەستووردا هاتووە دەبێت سوپا لەلایەن دەسەڵاتێکی مەدەنییەوە ببرێت بەڕێوە، وتیشی: «ئاماژەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە سوپاو هێزە ئەمنییەکان لەژێر دەسەڵاتی مەدەنی دەردەچن‌و کۆنترۆڵیان دەچێتە دەستی دەسەڵاتی سەربازییەوە».

هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق لەلایەن پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کەلێنێکی ئەمنیی لەناو عێراقدا دروستکرد، دواتریش لەگەڵ پێکهێنانەوەی سوپای نوێی عێراق، زۆربەی لایەنەکان هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانیان لەناو سوپای نوێدا جێبکەنەوەو چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بدۆزنەوە، یاخود لایەنگرو ئەندامەکانیان لەناو سوپادا تۆماربکەن بەو ئامانجەی قورساییان لە بڕیارە ئەمنییەکاندا هەبێتو لە هەمانکاتیشدا هێزەکان بکەنە قەڵغانێک بۆ خۆپاراستن لە هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو، بەوتەی پسپۆڕێکی سەربازیی، ئەو ململانێیەی کە لەنێوان پێکهاتەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی نادروست بەرجەستە کراوەو ئەگەر ڕێگا لەو ویستی پاوانخوازییەی حیزبو پێکهاتەکانی عێراق نەگیرێت کە بۆ دەسەڵات سەپاندن لەناو سوپادا بەرجەستەی دەکەن، ئەوا «ئاکامی خراپ»ی لێدەکەوێتەوەو وڵات لە سیستمی دامەزراوەییەوە دەکاتە وڵاتێکی عەسکەرتاریی.

د. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەدارو پەرلەمانتاری عێراق، نیگەرانیی خۆی پیشاندا بەرامبەر ئەو جموجۆڵە سەربازییانەی کە ماوەیەکە لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە، بە وتەی ناوبراو گۆڕانکارییە خێراکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق دەرگا لەبەردەم هەموو ئەگەرەکاندا واڵادەکاتو بە دوور نازانرێت کودەتای سەربازیش یەکێک بێت لەو ئەگەرانە «هەرچەندە پێشهاتی لەوشێوەیە تا ئێستا نەبووەتە مەترسییەکی گەورە، بەڵام بەهۆی ئەو کەلێنە زۆرانەی تا ئێستا لە پرۆسەی سیاسیدا چارەسەری شیاویان بۆ نەدۆزراوەتەوە، بوار بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی دەخولقێنێتو ئاسانی کردووە».

بەگوێرەی مادەی ٩ی دەستووری عێراق، دەبێت سوپا لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا بێت، بەڵام میلیشیاگەری‌و پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیسنادو سەحوە لە ئێستادا بووەتە باو، بەوتەی چاودێرانیش ئەو هەوڵانە بە «سەرەتایەکی خراپ» دەزانن‌و پێیانوایە وڵات بەرەو سیستمی سەربازیی دەبات، سەرتیپ کاکەیی بە پێویستی دەزانێت لایەنەکان هەست بە مەترسیی ئەو مەسەلەیە بکەن‌و هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ڕێگەگرتن لە بەهێزبوونی دەسەڵاتی سەربازیی لە عێراقدا، ئەو هەوڵانەش کە فەرماندە سەربازییەکان دەیدەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە عێراقدا، سنوورێکی بۆ دابنرێت، وتیشی: «ئەو مەسەلەیە بووەتە جێگەی گومان‌و پرسیاری سیاسەتمەداران، پەرلەمانیش هەستی بەو گۆڕانکارییانە کردووەو هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی پەرلەمان‌و دەستوورەوە کار بۆ ڕاگرتنی ئەو هەوڵانە بکەین کە دەیانەوێت لە ڕێگەی سوپاو هێزە ئەمنییەکانەوە دەسەڵات بەسەر وڵاتدا بسەپێنن».

هەرچەندە د. مەحمود عوسمان هێمای بەوەکرد کە ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەنێوان عێراقو ئەمریکادا، ئەگەری ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی لاوازدەکات، بەڵام پسپۆڕە سەربازییەکە پێیوایە دەستێوەردانەکانی وڵاتانی دەوروبەر لە کاروباری ناوخۆی عێراقو کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی، ئەگەری کودەتای سەربازیی بەهێزتر دەکەن بەتایبەت کە لەنێوان واشنتۆن‌و بەغدادا کێشەی زۆر لەسەر ڕێککەوتننامەکە هەیەو کۆشکی سپیش هەڕەشەی ئەوە لە عێراق دەکات دەستبەرداری هاوکارییەکانی دەبێت بەرامبەر عێراق، وتیشی: «ئەگەر ئەمریکا پشتیوانییەکانی بۆ حکومەت ڕابگرێتو دەستبەرداری پرۆسەی سیاسی ببێت، کودەتای سەربازیی بە دوور نازانرێت».








# جۆن مەکەین، سەرۆکایەتی سێیەمی جۆرج بوش



ئا: هێمن لهۆنی

بەپێچەوانەی پارتی دیموکرات هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنە بەرایییەکاندا کاندیدی پارتی کۆماری جۆن مەکەین توانی سەرکەوێت بەسەر رکابەرەکانیدا لە پارتەکەی بەشێوەیەکی ئاسان، ئەمە دووەمین جارە جۆن مەکەین خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا کاندید دەکات پاش ئەوەی لە یەکەمین جاردا نەیتوانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا رکابەری هاوتا کۆمارییەکەی جۆرج بوش بکات. پێشتریش لە ١٩٩٦دا خۆی کاندید کردبوو وەک پاڵێوراوی کۆمارییەکان بۆ پۆستی جێگری سەرۆک، مەکەین هەر لە ١٩٩٦دا لە لیستی ئەو ٢٥ کەسایەتییە کاریگەرەی ناو ئەمریکا بوو کە ساڵانە گۆڤاری تایم بڵاوی دەکاتەوە.

## جۆن مەکەین کێیە؟

جۆن مەکەین بە قارەمانی جەنگ ناسراوە، یەکێکە لە جەنگاوەرانی ڤێتنام کە زیاتر لە پێنج ساڵ زیندانی جەنگ بووە، لە ساڵای ١٩٣٦ لە ویلایەتی ئەریزۆنا لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی ئەکادیمی سەربازیی تەواوکردووە، لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا لە مردن گەڕایەوە کاتێک فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوەو بە خەستی بریندار بوو، هەردوو دەستو قاچی شکاو دواتر بۆ ماوەی پێنج ساڵو نیو لە زیندانی ڤێتنامییە باکوورییەکاندا سزادراوە، لە ساڵی ١٩٨١دا خانەنشین دەبێتو لە ساڵی ١٩٨٣دا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا هەڵدەبژێرێت، پاشان لە ١٩٨٦ تا ٢٠٠٤ دەبێتە سیناتۆر لە ئەنجومەنی پیران، مەکەین لەناو پارتەکەیدا بە سیاسییەکی سەربەخۆ ناسراوە بەهۆی بوونی جیاوازیی لەسەر زۆربەی مەسەلە گرنگەکان لەگەڵ پارتەکەیدا.

## مەکەین و ستراتیژییەتی سەرکەوتن لە عێراق

جۆن مەکەین لەسەر مەسەلەی عێراق پاڵپشتیی جۆرج بوش دەکات بەتایبەتی لە سیاسەتی نوێی سەرۆکی ئەمریکاو تاکتیکەکانی ژەنەراڵ پاتریۆس، مەکەین پێشتر رەخنەی لە سیاسەتی ئیدارەی بوش لە عێراق گرتووە بەتایبەتی لە وەزیری بەرگریی پێشوو دۆناڵد رامسفێلد، بە خراپترین وەزیری بەرگریی لە مێژووی ئەمریکا وەسفی دەکات. مەکەین بۆ عێراق پلانی خۆی راگەیاندووە کە بەپێی راڤەکارانی سیاسییو سەربازی، درێژکراوەی سیاسەتی سەرۆک بوشە، بەپێی جۆن مەکەین پلانەکەی لە ٢٠١٣دا عێراقێکی سەقامگیری دیموکرات کە پێویستی بە رۆڵی راستەخۆی ئەمریکا نەبێت، دەهێنێتە کایەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی پلانەکەیەتی کە لە سایتی رەسمیی مەکەیندا بڵاوکراوەتەوە:

جۆن مەکەین باوەڕی وایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەم لەڕووی ئەخلاقیو هەم لەڕووی ستراتیژییەوە پشتگیریی حکومەتی عێراق بکات، تا بتوانێت بکەوێتە سەرپێی خۆی، بتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێتو خەڵکەکەی بپارێزێت.

مەکەین دەڵێت: «هەڵەیەکی گەورەیە کە پێش ئەوەی قاعیدە شکست پێ بهێنێت یاخود هێزێکی عێراقی بەتوانای راهێنراوت هەبێت، عێراق بەجێبهێڵیت، پێویستە لەسەرمان کە پاڵپشتیی حکومەتی عێراقی بکەین لە جەنگ لەدژی ئەو کەسانەی ئاگری شەڕی ناوخۆو جەنگی تائیفی گەرم دەکەن، کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیربوونی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق نابێت ببێتە وڵاتێکی شکستخواردوو یاخود مۆڵگەی تیرۆریستانو ئێران، چونکە ئەنجامەکەی شکستی ئەمریکا دەبێتو بەرەو جەنگێکی دژوارتر دەمانگەڕێنێتەوە».

لە درێژەی پلانەکەیدا مەکەین دەڵێت: «هەرکاتێک هێزەکانی عێراق توانییان وڵاتی خۆیان بپارێزن، ئەوکات سوپای ئەمریکا دەتوانێت بگەڕێتەوە وڵات».

دوای چوار ساڵ لە جەنگی عێراق، جۆن مەکەین پشتیوانیی ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی دژە یاخیبووەکانی کردووە کە ئەوکات عێراق لە بارێکی ناخۆشدا بوو، هێرشەکانی قاعیدە زۆر توندبوو، هەروەها زۆرێک لە پارێزگاکان بەدەست توندڕەوەکان بوو و جەنگی تائیفیش لە کۆنترۆڵ دەرچووبوو، ئەو ستراتیژییەتە بەرهەمی خۆی هەبوو، لە ناوەڕاستی ٢٠٠٧ تا مانگی سێی ٢٠٠٨ جەنگی تائیفیو توندوتیژی ئێتنیکی بە رێژەی ٩٠٪ دابەزی، کوشتنی مەدەنیو سەربازەکانی هاوپەیمانیش بە رێژەی ٧٠٪ هاتە خوارەوە، مەکەین دەڵێت «ئەم دەستکەوتانە هەمووی لەناودەچن ئەگەر شوێنی سیاسەتی سیناتۆر ئۆباما بکەوین کە داوای کشانەوەی هێزەکان دەکات لە عێراقو بەجێهێشتنی هێزێکی شەرکەری بچووک بۆ لێدانی تیرۆریستان، ئەم ستراتیژییەی ئۆباما هەمان ئەو ستراتیژییەیە کە فەشەلی هێنا لە ساڵی ٢٠٠٦دا کاتێک هێزەکانمان لە شەقامەکان لە عێراق کشانەوە».

مەکەین دەڵێت «چوار لەو شەش یاسایەی کە بەلای ئەمریکاوە گرنگە، لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکراوە، بەڵام ئێستاش دەبێت حکومەتی عێراق بەرەوپێشچوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. یەکێک لە گرنگترین کاری حکومەت، دۆزینەوەی کارە بۆ «رۆڵەکانی عێراق» لەناو دەزگاکانی ئاسایشو دەزگا مەدەنییەکاندا، چونکە ئەوان ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە لە جەنگیان لەدژی تیرۆریستان، عێراق لە ماوەی داهاتوودا دوو هەڵبژاردنی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت: یەکێکیان هەڵبژاردنی پارێزگاکانە لە کۆتایی ٢٠٠٨و ئەوی تریش بۆ حکومەتی نیشتمانییە لە ٢٠٠٩دا»، جۆن پێیوایە دەبێت رۆڵی زیاتر بدرێت بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەسەلەی هەڵبژاردنەکاندا.

سوریاو ئێران بۆ ماوەیەکی درێژە یارمەتیی کارە توندوتیژییەکانی ناو عێراق دەدەن، سوریا ئامادەیی پیشان نەداوە بۆ لێدانی یاخیبووە عێراقییەکانو تیرۆریستە بیانییەکان کە لە خاکەکەیدا کاردەکەن، لەلای خۆیشیەوە ئێران چەکو راهێنان دەبەخشێت بە میلیشیا توندوتیژەکانی شیعە کە ئامانجیان سەربازانی ئەمریکاو ئێرانە، هەروەها وتەبێژەکانی سوپای ئەمریکا ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە ئێران یارمەتیی گروپە یاخیبووە سوننەکانیش دەدات، وەڵام بۆ ئەمە بریتی نییە لە دیالۆگی بێ مەرج لەگەڵ ئەو دوو دیکتاتۆرە، چونکە ئەمجۆرە کارە لە بێهێزییەوەیە، بەڵکو وەڵام ئەوەیە کە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشاری راستەقینە بخاتە سەر ئێرانو سوریا بۆ گۆڕینی رەفتارەکانیان، هەروەها دەبێت ئەمریکا هێزە سەربازییە ئیقلیمییەکانی خۆی بەهێزبکاتو پیشانی ئێرانی بدات کە لە تواناماندایە هێزەکانی خۆمان بپارێزینو رێگەبگرین لە هەموو دەستێوەردانێکی ئێرانی.

خەڵکی ئەمریکا دەبێت لە هەڵو مەترسییەکانی داهاتوو ئاگاداربکرێنەوە، خەڵکی ئەمریکا شایەنی ئەوەن کە لە هەموو راستییەکان لەلایەن سەرکردەکانیانەوە ئاگاداربکرێنەوە.

مەکەین دەڵێت: «من نامەوێت سەربازەکانمان یەک چرکە لە عێراقدا بمێننەوە ئەگەر پێویست نەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان لەوێ، ئامانجی ئێمە عێراقێکی دیموکراتو سەقامگیرە کە بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئامانجی ئێمە عێراقێکە کە چیتر پێویستی بە ئەمریکا نەبێت، من پێموایە ئێمە دەتوانین ئەم ئامانجانە بهێنینەدی خێراتر لەوەی کە زۆرێک وێنای دەکەن، من باوەڕم بەو پەیمانانە نییە کە لەکاتێکدا وەک کاندید دەیدەمو نەتوانم لەکاتی بوون بە سەرۆک جێبەجێی بکەم، پەیماندان بە کشانەوەی سەربازەکانمان لە عێراق بێگوێدانە ئەنجامە کارەساتاوییەکانی بۆ عێراقییەکانو بەرژەوەندییەکانمان بۆ داهاتووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوپەڕی نابەرپرسیارێتییەو شکستی سەرکردایەتیکردنە، ئەوەی لەپێشمانە رێگەیەکی سەختە، بەڵام رێگەیەکی راستە». لە کۆتاییدا زۆرێک لە راڤەکارانی سیاسی بوونی جۆن مەکەین بە سەرۆکی ئەمریکا وەک دووبارەکردنەوەی رابردوو دەناسێنن، هەروەها وەک سێیەم خولی سەرۆکایەتیی سیاسەتی جۆرج بوش لە قەڵەمی دەدەن، هەندێکیشیان جیاوازیی نێوانیان لەوەدا دەبینن کە جۆن مەکەین لەگەڵ ئەوەی وەک بوش توندە، بەڵام توندیو عەقڵی پێکەوە گرێداوە.

## مەکەین شەڕی چی دەکات؟

ئەوەی ئێستا هاوڵاتی ئەمریکی پێویستی پێیەتی، ژیانێکی باشترە نەک شتێکی دی. ئەوەی کە جێی سەرنج بوو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، ئەوەبوو کە مەکەین زیاد لە خستنەڕووی پرۆژەو دیدگا سیاسییو ئابووریيو کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، هەوڵی دەدا هێرش بکاتە سەر کەسایەتیی ئۆباما، تەنانەت لە هەندێک لە ناوەندەکانی جەماوەری مەکەیندا کار گەیشتە ئاستێک کە پەنا دەبرایە بەر توانجو پلاری رەگەزپەرستانە بۆ رتوش دروستکردن لەسەر وێنەی ئۆباما.

سەرەتا ویسترا پرسیار لەسەر رەنگو رەگەزی ئۆباما دروستبکرێتو قسە لەسەر شیاویەتی ئەوە بکرێت کە ئایا دەکرێت رەش پێستێک سەرۆکایەتیی ئەمریکا بگرێتە دەست؟ بەڵام ئەمجۆرە پرسیارە هەر ئەوکاتە وەڵامدرایەوە کە ئۆباما بووە پاڵێوراوی رەسمیی دیموکراتەکانو کۆمەڵگەی ئەمریکی سەلماندی ئەو کۆمەڵگە کراوەیە کە ناکرێت رێگە بدات بە بوغزاندنی هیچ جۆرە رەگەزو رەنگێک، پاشتر بانگەشە یەک لەدوای یەکەکانی مسوڵمانێتی ئۆباما کرایە دەسکەلایەک بۆ ناشرینکردنی وێنەی ئەم پیاوە، بەڵام وەڵامی دانایانەی ئۆباماو تەماشانەکردنی ئەم بابەتە وەک مەترسییەک لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، سەری ئەم بابەتەشی داخست، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەمریکییەکان وەک پشتگیرییەک بۆ ئۆباماو سەلماندنی ئەو راستییەی کە بیروباوەڕی جیاواز ناکرێت ببێتە هۆیەک بۆ رقو دوژمنایەتی، بڕیاریاندا ناوی دووەمی خۆیان بۆ حوسەین بگۆڕن، کە ئەوەش ناوی دووەمی ئۆبامایەو پێگەیەکی ئینتەرنێتی لە ماوەی یەک هەفتەدا دووسەد حاڵەتی لەمجۆرەی تۆمارکردووە.

پاشانیش ئەزموونی سیاسیی ئۆباما کرایە ئامانج، ئایا سیناتۆرێکی کەم ئەزموونی وەک ئۆباما، سەرکردایەتیی ئابووریيو سیاسیی دنیا بکات؟ هەرچەندە زۆرێک پێیانوابوو ئەم پرسیارە لەجێی خۆیدایەتیو جیاوازیی ئەزموونی سیاسیی مەکەین دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی مەکەین، بەڵام بڕیارە ژیرانەکەی ئۆباما بە پاڵاوتنی جۆزێف بایدنی عەقڵی سیاسیی ئەمریکی، ئەم بابەتەشی یەکلاکردەوە، نەک ئەوە، بەڵکو ئێستا کەسایەتیی لاوازی سارا پالینی کەم ئەزموون کە پاڵێوراوی کۆمارییەکانە بۆ جێگری سەرۆک، هۆکارێکی کاریگەرە لە دابەزینی دەنگی مەکەیندا، لە دواهەمین مونازەرەی تەلەفزیۆنیشیاندا ئۆباما بە ماناوە وتی: «ئەگەر من بەهەر هۆیەکەوە لە پۆستی سەرۆکایەتیدا نەمام، ئەوە پێموایە ئەمریکا لەدەستێکی ئەمیندایە»، بێگومان ئەم وتەیە ئاراستەی مەکەینو جێگرە کەم ئەزموونەکەی کرابوو، کە ئێستا قسەکانی بوونەتە نوکتەی میدیای ئەمریکی، دواهەمین تۆمەتێکی ئایدۆلۆجیش مەکەین بەکاریهێنا بۆ ناشرینکردنی وێنەی ئۆباما، بریتی بوو لە تۆمەتبارکردنی ئۆباما بە سۆشیالیست، وەڵامەکەی ئۆباماش گورچکبڕ بوو «ئەگەر خزمەتکردنی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە لە کارکەرو مامۆستاو تەندروستکاران سۆشیالیزم بێت، ئەوە من سۆشیالیستم».




# پیاوێکی رەش دەیەوێت دنیایەکی سپی دروست بکات

هێمن لهۆنی
دانا نەوزەر

لە دوای ململانێیەکی سەخت کە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەخۆیەوە نەدیوە، باراک ئۆبامای ئەفریقی-ئەمریکی ببێتە پالێوراوی پارتی دیموکراتو رکابەری پالێوراوی پارتی کۆماری جۆن مەکەین بکەوێتە رێ، ئۆباما وتی: «بردنەوەی من کۆتایی گەشتێکی مێژوویییەو سەرەتای دەستپێکردنی مێژوویەکی باشترو خۆشترە بۆ گەلی ئەمریکا»، ئێستاش ئەگەر ئۆباما سەرکەوێت، ئەوا یەکەمین رەش پێستە دەبێتە سەرۆک، ئەگەر جۆن مەکەین سەرکەوێت ئەوا یەکەمین بەتەمەنترین سەرۆک دەبێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## باراک ئۆباما کێیە؟

سیناتۆر باراک حسێن ئۆباما، لە ساڵی ١٩٦١ لە ویلایەتی هاوای لە ئەمریکا لەدایکبووە، بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئۆباما لە جاکارتای پایەتەختی ئیندۆنیسا سەرەتای خوێندنی دەستپێکردووە، پاشان گەڕاوەتەوە ئەمریکاو خوێندنی ناوەندییو دواتر کۆلێژی زانستی سیاسیی لە زانکۆی کۆلۆمبیا تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ لە بەشی یاسای زانکۆی هارڤارد کاری کردووەو دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ وەک یەکەم رەش پێست بووەتە سەرۆکی دەستەی پێداچوونەوەی یاسایی هارڤارد، ئۆباما دواتر لە شیکاگۆ کاری مرۆڤدۆستانەی دەستپێکردووە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ویلایەتی شیکاگۆ، دواتر لە ١٩٩٣ بووەتە مامۆستای قانونی دەستووریی لە زانکۆی شیکاگۆ تا ٢٠٠٤ کە هەڵبژێردرا بە سیناتۆر لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، ئۆباما لە ماوەی کاری وەک سیناتۆر چەند کارێکی گرنگی ئەنجامداوەو بەپێی پسپۆڕان کەسێکی ئەکتیڤ بووە بەتایبەتی لە مەسەلەی جینۆسایدو هەژاریدا لە ئەنجومەنی پیران، لە ٢٠٠٧ ئۆباما وەک کاندیدی دیموکراتەکان خۆی ئاشکراکرد بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکای ٢٠٠٨.

## ئۆباماو گۆڕان: لە چاوەڕێی مەسیحی رەش پێستدا

زۆربەی توێژەرە سیاسییەکان لەو باوەڕەدان کە زەمەنی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، نەک ئەو خەونە رەنگاڵەییانەی بەدی نەهێنا کە پارێزگارە نوێیەکان مژدەیان دەدا، بەڵکو ئەو جیهانەی بوش دروستی کرد، ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر بە دەست کێشەو مەترسییە جۆربەجۆرەکانەوە دەناڵێنێت. ئەوەی کە کۆمارییەکان کردیان، هیچ نەبوو جگە لە هەوڵێکی نالۆجیکیی بۆ گەیشتن بە تەونە خەیاڵییەکانی شەڕی ئەرماجیدۆنو رزگارکردنی خاکە پیرۆزەکان لە دەست بەربەرییەکانی جیهانی سێیەم. بەڵام هەر هەنگاوێک کە بەم ئاراستەیەدا نایان قەیرانێکی نوێی بۆ دروستکردن.دیکتاتۆریەتەشیوعیو ئیسلامییو عەرەبییەکان نەک هەر نەکەوتن، بەڵکو ئێستا شەرعییەتی مانەوەیشیان وەرگرتووەو بەردەوام مەترسیی هێرشی ئەمریکیو دەستێوەردانی دەرەکی دەکەنە بیانوو بۆ سەرکوتکردنی هەر داوایەکی ناوخۆیی بۆ گۆڕانو چاکسازی. وا چاوەڕوان دەکرا کە ئەمریکا لەڕێی ئەو هێزە سیاسیو ئابوورییە مەزنەیەوە هۆکارێک بێت بۆ یارمەتیدانی ئۆپۆزسیۆنەکانو بانگەشەی «دیموکراسیەتی تازە» بهێنێتە دی، بەڵام ئەوەی ئیدارەی بوش کردی دروستکردنی دۆستایەتی بوو لەگەڵ وڵاتانێکی وەک لیبیاو کۆریای باکوور کە تا سەر ئێسقان لە دیکتاتۆرییەتدا گەوزاون. بە کورتی، شەتڵەکەی ئیدارەی بوش بێجگە لە جیهانێکی نائارامو نائاسوودەتر، هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو.

ئێستا لەهەر کاتێک زیاتر تیۆریەی مەسیحی فریادڕەس لە ئارادایە، بەشێکی بەرچاو لە ناوەندی رۆشنبیریی دنیا جەخت لەسەر پێویستیی سەرۆکێک دەکەنەوە کە رێگر بێت لەبەردەم خراپتربوونی بارودۆخو تەشەنەکردنی توندوتیژیو نالێبوردەییو دوژمنایەتی. بینینی ئەم هەستە گشتییە لەنێو خەڵکدا زۆر سانایە کە چۆن هەموولایەک وەڕەس بوون لەم بارودۆخەو چاوەڕوانی هێزێکن کە بتوانێت گۆڕانێک لە وێنەکەدا دروست بکات.چاوەکانیش هەموو بە ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوەن، ئەو وڵاتەی کە تاکە جەمسەری بڕیاردەری کێشە یەکلاکەرەوەکانە لە دنیاداو ئێستا لە ساتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێدایە، بەڵام وا پێدەچێت ئەمجارەیان فریادڕەسی چاوەڕوانکراو مەسیحی مەجدەل نەبێت، بەڵکو رەش پێستێکی بە رەگەز ئەفریقی بێت، باراک حسێن ئۆباما، کاندیدای دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا.

## ئۆباما یان کەنەدیە نوێیەکە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەو تێزو تیۆرییە مرۆیییەکان ئەوەیە کە هەرچی ئێمە دەیڵێینو دەیکەین، بەشێکە لە کاتو شوێنو هیچ دەقێکی مرۆیی ناتوانێت بان- مێژوویی بێتو لە دەرەوەی ئەم بازنەیە بێت، هەروەک هایدگەر ئەم تێگەیشتنە بە بوونی مرۆڤ لە-جیهاندا ناودەنێت، هەربۆیە ژێری مرۆڤ بەردەوام لە بەرهەمهێنانو خستنەکاری تێزو جیهانبینی نوێدایەو بەردەوام روانگەکانی بینینی حەقیقەت لە گۆڕاندان، بەڵام کاتێک چەقبەستنو مەنگیو دۆگمابوون لە کایە مەعریفیەکاندا روودەدات، هیچ لە مرۆڤ نامێنێتەوە جگە لە جەستەیەکی بەندە بۆ هەموو ئەو دۆگمایانەی کە بە تێپەڕبوونی زەمەن رەنگی بتیان گرتووە. یەکەم هەنگاوی رکودو چەقبەستنی فیکریش لەوێوە دەستپێدەکات کە بگەینە ئەو قەناعەتەی ئیدی پێویستمان بە گۆڕان نییە. لەکاتێکدا گۆڕان پێویستییەکی مرۆییەو هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت دەستی لێهەڵبگرێتو هەر پاشەکشەو سازش کردنێک لەسەر ئەم رەهەندە گرنگەی بوونی مرۆڤ، یەکسانە بە ونکردنی کرۆکی مرۆڤ بوونو گۆڕان بۆ مەخلوقێکی دیکە کە تەنها سمعو تاعەو گوێڕایەڵی لەسەرە.

پێویستیی گۆڕانو تازەکردنەوە لە وێناو جیهانبینیەکانماندا بووەتە هەستێکی گشتی بەربڵاوو زیاد لە بیریارێک، پێویستی مرۆڤایەتی بۆ گۆڕانێکی نەوعیو کاریگەر دەخەنەڕوو. ئەم راستییە باشتر روون دەبێتەوە کاتێک کە باراک ئۆباما، کاندیدای خاوەن چانسی دیموکراتەکان دروشمی هەڵبژاردنەکانی دەکاتە (we need change) (ئێمە پێویستمان بە گۆڕانە).

گۆڕان، ئەو خەونە تەلیسماوییەیە کە ئۆباما هەر لە سەرەتای رکابەریکردن بۆ بەدەستهێنانی کاندیدای دیموکراتەکانەوە کردوویەتی بە ئەجێندای خۆیو بەردەوام سوورە لەسەر جەختکردنەوە لێی. هەموو شتەکانی ئەم پیاوە جێگەی سەرنجن، هەر لە رەنگیەوە هەتا شوناسی فیکری، لە تەمەنیەوە هەتا بیروباوەڕو ئایینی، هەربۆیە هەر لە سەرەتاوە سەرنجی هەموو دنیای بۆلای خۆی راکێشا.

ئۆباما، گۆڕان وەک دروشمێکی ئەبستراکتی کاتیو ئینتیخابی نابینێت، هەربۆیە ئەوکاتەی کە رکابەری هیلاری کلینتۆنی دەکرد بۆ بوونە پالێوراوی دیموکراتەکان، لە نیوهامشایەر رایگەیاند: زۆر خۆشحاڵین کە دەبینین رکابەرەکانیشمان دروشمی گۆڕانیان بەرزکردووەتەوە، ئەمە هەر ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت. گەڕانەوەی بەردەوامی ئۆباما لە وتارەکانیدا بۆ وتەو بیروباوەڕەکانی جۆن کەنەدی، سەرۆکە ناوازەکەی ئەمریکا، ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەو رۆحەی کە ئەم پیاوە هەڵیگرتووە. لەو باوەڕەدام کە ئۆباما هەمان جورئەتی کەنەدی هەیە لە بڕیاری گۆڕاندا، ئەم دوو پیاوە خاڵگەلێکی لێکچوونی زۆریان هەیە، بەڵام هیوادارم سەرەنجامەکانیان هاوشێوە نەبێت. ئۆباما لە وتارێکیدا کە تایبەت بۆ گەنجانی نووسیوە، دەڵێت: «ئێستا کاتی هاتنەدی ئەو خەونانەیە کە کەنەدیو هاوڕێکانی خەونیان پێوەدەبینی».



## ئۆباماو گەنج: رۆحی نوێی ئەمریکا

راپرسییە یەک لە دوای یەکەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئۆباما زۆربەی هەرە زۆری دەنگی گەنجی ئەمریکی بۆ خۆی مسۆگەر کردووەو ئەم پشتگیرییە بێشومارەیش لە خۆڕا نەهاتووە. ئامانجی گۆڕان کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات، بەبێ داینەمۆی بەکارو وزەی لەبن نەهاتووی گەنجان، کە ئاسانتر گۆڕان پەسەند دەکەنو توانای خۆگونجاندنیان زیاترە، بەدی نایەت. گەنجی ئەمریکی نایەوێت سەروەریەکانی رابردوو ببنە لەمپەر لەبەردەم دروستکردنی سەروەری نوێدا، هەربۆیە جۆن مەکەین ناتوانایە لەئاست بەدەستهێنانی سۆزو پشتگیریی گەنجاندا، چونکە ئەوەی ئەو زۆر شانازی پێوەدەکات خزمەتی سەربازیو بەدیل گیرانیەتی لە شەڕی ڤێتنامدا، هەربۆیە مەکەین زۆر دوورە لەوەی بتوانێت موخاتەبەی گەنجی ئەمریکی بکاتو هیوایەکی نوێو رۆحێکی دیکەیان بکاتەوە بە بەردا.

## کۆشکی سپی لە چاوەڕوانی سەرۆکە رەشەکەدا

تا ئەم ساتەیش هەموو راپرسییەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەمریکا بەنیازە لەنێوان سپیو رەشدا، رەشێک بۆ وەرگرتنی کلیلەکانی کۆشکی سپی هەڵبژێرێت، هەربۆیە گرنگە کە ئاوڕێک لەو دنیایە بدەینەوە کە ئۆباما سەرکردەیەتی. ئۆباما هەر لە سەرەتاوە ئەوەی راگەیاند کە ئەو ئامادەیە لەگەڵ هەموو جیهاندا گفتوگۆ بکات، بەوانەیشەوە کە ناکۆکن لەگەڵی، چونکە ئەو بە تەواوەتی لەو راستییە تێگەیشتووە کە هێزی زەبەلاحو ئابووری مەزنو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ناتوانن جێگەی ئەو بەها مرۆییانە بگرێتەوە کە ئاسوودەیی بە مرۆڤایەتی دەبەخشن، بەڵکو ئەوەی ئەم ئامانجە بەدی دێنێتو رووە جوانەکەی شارستانێتی ئەمریکی دەردەخات، بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگییەکانو سەرکردایەتییەکی ژیرانە. هەر لە ئێستادا، چوار مەترسیو هەڕەشەی گەورە چاوەڕێی سەرۆکی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن.

یەکەمیان بریتییە لە مەترسی تیرۆر، تیرۆر ئەو چەمکەیە کە بەهۆی نەبوونی پێناسەوە هەموو شتێک دەگرێتەوەو هیچیش ناگرێتەوە، یەکەم هەنگاویش بە ئاراستەی بنبڕکردنی تیرۆر بریتییە لە وشککردنی ئەو ژینگەیەی کە دەکرێت خاکێکی بە پیت بێت بۆ گەشەکردنی بیری توندڕەویو تیرۆر، ئەوەیش کە دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات فیشەک نییە، بەڵکو بڵاوکردنەوەی دیموکراسیو لەناوبردنی هەژاریو بێکارییو هاریکاریکردنی ئەو بڵندگۆ میانڕەوانەیە کە لە دژی توندڕەوی لەکاردان.

دووەم مەترسی بریتییە لە کێشەی گەرمبوونی گەردوونی (Global Warming) کە بە رای ٢٠٠٠ زانای جیهانیی، ئەم مەترسییە بە پلەی دووەم دێت لەپاش مەترسیی چەکی ئەتۆمی. ئەمریکا لەپێش هەر دەوڵەتێکی دیکەوە داوالێکراوە کە رێز لە ژینگەی ئەم هەسارەیە بگرێتو بێباک نەبێت لەئاست ئەو مەترسییە گەورەیەدا.

سێیەم مەترسی بریتییە لە قەیرانی ئابووریی دنیا، کە ئێستا بە هەڕەشەیەکی جدیی دادەنرێت لەسەر باری ئابووریی و سەقامگیری دارایی لە جیهاندا.

چوارەمیشیان مەترسیی چەکی ئەتۆمییە، کە رۆژ لەدوای رۆژ لە بڵاوبوونەوەدایەو هیچ یەک لە دەوڵەتەکان (بە روسیاو ئەمریکاشەوە) پابەندی رێککەوتننامەی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ناگرن، ئەم مەترسییە هێندە گەورەیە کە دوورنییە دەوڵەتەکانی پشتگیریی تیرۆر لە جیهاندا لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا ببنە خاوەنی ئەم چەکە وێرانکەرە.

هەموو داتا مەیدانییەکان لەبەهای ئەو راستییە کەمناکەنەوە کە جیهان ئومێدێکی ئێجگار گەورەی بە پیاوە رەشەکە هەیەو پێیوایە سەرکەوتنی ئۆباما، داخستنی لاپەڕەیەکو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپیتر دەبێت لە مێژووی مرۆڤایەتی.




## هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٠٠٨

؟؟ ؟؟



جۆرج بوشی کوڕ
سەرۆکایەتی پەنجاوچوارەم –٢٠٠٠
سەرۆکایەتی پەنجاوپێنجەم –٢٠٠٤



بیلّ کلینتۆن
سەرۆکایەتی پەنجاودووەم – ١٩٩٢
سەرۆکایەتی پەنجاوسێیەم – ١٩٩٦



جۆرج بوشی باوک
سەرۆکایەتی پەنجاویەکەم – ١٩٨٨



ڕۆناڵد ریگن
سەرۆکایەتی چلونۆیەم – ١٩٨٠
سەرۆکایەتی پەنجاهەم –١٩٨٤



جیمی کارتەر
سەرۆکایەتی چلوهەشتەم – ١٩٧٦



ریچارد نیکسۆن
سەرۆکایەتی چلوشەشەم – ١٩٦٨
سەرۆکایەتی چلوحەوتەم –١٩٧٢



لیندۆن جۆنسۆن
سەرۆکایەتی چلوپێنجەم – ١٩٦٤



جۆن کیندی
سەرۆکایەتی چلوچوارەم – ١٩٦٠



دوایت ئیسینهاوەر
سەرۆکایەتی چلودووەم–١٩٥٢
سەرۆکایەتی چلوسێیەم–١٩٥٦

# میدیاکانی ئەمریکا چۆن پشتیوانیی کاندیدەکان دەکەن

**ڕۆژنامە**

**ئەمریکا**

یەکێک لە نەریتەکانی ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا بەتایبەت ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ئەوەیە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا کاندیدێک پەسەند دەکەن، هەرچەندە ڕوون نییە کە پەسەندکردنی کاندیدێک لەلایەن ڕۆژنامەیەکەوە چەند کاریگەریی لەسەر دەنگدەران دەبێت، بەڵام هەلایەکی ڕاگەیاندنی لێدەکەوێتەوە، هەروەها تا تیراژی ڕۆژنامەکە زیاتربێت، ڕەنگە کاریگەریی زیاتربێت. لەم هەڵبژاردنانەی ئەمریکادا زۆربەی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکا یەکێک لە کاندیدەکانیان پەسەندکردووە، لەوانە نیویۆرک تایمزو واشنتۆن پۆستو لۆس ئەنجلس تایمز، باراک ئۆبامایان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی پەسەندکردووە، نیویۆرک پۆستو بۆستن هێرالدو دالاس مۆرنینو نیوز، جۆن مەکەینیان پەسەندکردووە، بەنیسبەت دیموکراتەکانەوە، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە تیراژی ١٠ ملیۆنو ٧٠٠ هەزارە، گەورەترین ڕۆژنامەیە کە ئۆبامای پەسەند کردبێت، لە ریزی کۆماریخوازەکان، ڕۆژنامەی نیویۆرک پۆست، تیراژی ٧٠٠ هەزار، گەورەترین ڕۆژنامەیە کە مەکەینی پەسەند کردبێت، تا ئێستا ٢٤٠ ڕۆژنامە کە تیراژی هەر هەموویان ٢١ ملیۆنو ٨٠٠ هەزارە، ئۆبامایان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی پەسەندکردووە، لە بەرامبەریشدا ١١٥ ڕۆژنامە بە تیراژی ٧ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار جۆن مەکەینیان پەسەندکردووە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کاتێک ئەم ڕۆژنامانە کاندیدەکان پەسەند دەکەن، سەربەخۆیی لە تەغتیەکردنی هەواڵەکاندا لەدەست دەدەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر ئەوەی کە باس لە چ ڕۆژنامەیەک دەکرێت، بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی وەک نیویۆرک تایمز هەرگیز لایەنگریی هیچ کاندیدێک ناکات، بەڵام ڕۆژنامەی نیویۆرک پۆست هەر لە سەرەتاوە خۆی وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕاسترەو ناساندووە، بۆیە زۆربەی زۆری بابەتەکانی بەدڵی لیبراڵەکان نییە، ئەوەی کە گرنگیشە تێبینی بکرێت، ئەوەیە کە کاتێک ڕۆژنامەیەک کاندیدێک پەسەند دەکات، ئەو پەسەندکردنە تەنها ڕەنگدانەوەی بۆچوونی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەیەو بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە بەشی هەواڵو ڕاپۆرتەوە نییە، کەواتە زۆر ئاساییە کە کاتێک ڕۆژنامەیەک کاندیدێک پەسەند دەکات، چەندین هەواڵو ڕاپۆرتو وتاریش بڵاودەکاتەوە کە بەدڵی کاندیدە پەسەندکراوەکە نییە.




# کوردەکان مەکەینیان پێباشترە، بەڵام لە سەرکەوتنی ئۆباماش ناترسن

سەرکردە کوردەکان زیاتر مەیلیان بەلای جۆن مەکەینی کاندیدای کۆمارییەکاندا دەڕوات، بەڵام لە هەمانکاتدا پێیانوایە کە ئەگەر باراک ئۆبامای کاندیدای دیموکراتەکان دەربچێت، گۆڕانکەلێکی هێندە مەزن لە سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕوونادات.

عارف عەبدوڵڵا، بەرپرسی لیژنەی کاروباری دەرەکیی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «زۆرینەی کوردەکان، کۆمارییەکانیان پێباشترە، چونکە پرۆژەی سیاسیی کۆمارییەکان سەبارەت بە عێراق ڕوونە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان ئۆباماو مەکەیندا».

عەبدوڵڵا کە ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی پارتەکەی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارە، دەڵێت: «جیاوازییەکانیان زیاتر شکڵین وەک لەوەی لە ناوەرۆکدا بن»، عەبدوڵڵا کە لە ئۆفیسەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی باکووری عێراق دانیشتبوو، ئەو ڕۆژانەی یادخستینەوە کە کوردەکان (ئالگۆڕ)ی پاڵێوراوی دیموکراتییەکانیان پێ باشتربوو لە جۆرج دەبلیو بوش.

عەبدوڵڵا وتی: «ئەوان پێیانوابوو کە دیموکراتەکان دژی ڕژێمی بەعسی (سەدام حسێن)دەبن، بەڵام پاشتر ڕوونبوویەوە کە ئەوە کۆمارییەکان بوون عێراقیان گۆڕی نەک دیموکراتەکان».

کوردەکان لە ساڵی ١٩٩١ەوەو پاش دەرکردنی سەدام لە کوەیت، لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە خاوەنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمین، بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لە ساڵی ٢٠٠٣و لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە، کوردەکان زۆر دڵخۆش بوون، لەو دەستوورەشدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە پشتگیریی ئەمریکا ئیمزاکرا، ئۆتۆنۆمییەکەیان تا ئاستێکی بێ پێشینە فراوان بوو.

عەبدوڵڵا دەڵێت: «کوردەکان زۆر دەترسن لەوەی ئەم دەستکەوتانەیان لەدەست بچێت، لە ساڵی ١٩٩١دا بوشی باوک ناوچەیەکی هەوایی قەدەغەکراوی دروستکرد، کە ئەمەش چەترێکی ئاسایشی خۆرئاوایی بۆ کوردەکانی عێراق دەستەبەر کرد»، کوڕەکەیشی (بوشی کوڕ) هەستا بە گۆڕینی ڕژێمەکەو ڕێگەدان بە دەستوورێک کە بۆ یەکەم جار گرەنتی مافەکانیانی کرد، بەڵام بە ڕای یاسین تەها، مامۆستا «ناڕۆشنیی هەڵوێستی ئۆباما لەئاست کوردەکاندا بووەتە هۆی دروستکردنی گومان بۆیانو ترس لەو ئەنجامانەی کە گۆڕانی لوتکەی دەسەڵاتی ئەمریکی دەیخاتەوە»، کۆمارییەکان بە ئاشکرا پشتگیریی خۆیان بۆ کوردەکانی عێراق ڕاگەیاندووە، بەڵام هیچ گرەنتییەک نییە کە ئۆباما لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوام بێت، چونکە چەندینجار ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەو دەیەوێت زیاتر خەریکی بارودۆخی ئەفغانستان بێت، لە مانگی تەممووزو لەکاتی سەردانێکیدا بۆ کابول، ئۆباما ڕایگەیاند کە ئەمریکا «سەرقاڵکراوە» بە شەڕی عێراقەوەو دەبێت زیاتر گرنگیی بە ئەفغانستان بدات، ئەو وتی: «من پێمواییە دەبێت تەرکیزی زیاتر بخەینە سەر ئەفغانستان، چونکە بەرەی پێشەوەی جەنگمانە لەگەڵ تیرۆردا».

محەمەد حەکیم، یەکێکە لە ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە کۆمەڵی ئیسلامی، دانی بەوەدا نا هەرچەندە پشتگیریی لە ئۆباما دەکات، بەڵام سەرکردایەتیی کوردی مەکەینی پێباشترە، چونکە پێیانوایە هەمان شوێن پێکانی جۆرج بوش هەڵدەگرێت.

لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان هەستیارییەکەی زیاترە، عەدنان موفتی دەڵێت: «من جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دوو کاندیداکەدا نابینم، ئەوەندەی من تێبگەم ئەوە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆیدایەتی کە بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتەکانی ئیدارەی ئێستا، چونکە بە گۆڕانی سەرۆک، سیاسەتی دەرەکی ناگۆڕێت، گۆڕانە گەورەکە لە سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکادا دەبێت».

کەمال کەرکوکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، هەمان بۆچوونی هەیە، ئەو وتی: «من وا نازانم سیاسەتی ئەمریکا دەربارەی عێراق بگۆڕێت، دەکرێت چەند گۆڕانێک لە تاکتیکدا ڕووبدات نەک لە ستراتیژیدا»، سەرەڕای ئەم مەیلە بەلای مەکەیندا، ئۆباماش خاوەنی جەماوەری خۆیەتی لە سلێمانی.

ئاسکۆڵ ڕەسوڵی (٥٣ ساڵ) کە فەرمانبەرە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، دەڵێت: «ئۆباما گەنجەو خاوەن وزەیە، ئەو بەتەواوی شایانی سەرکردایەتیکردنی جیهانە، ئیدی بەس بێت سیاسەتەکانی جۆرج بوشو کۆمارییەکان، مەکەینیش هیچ نییە جگە لە بوشێکی تر»، ئەو دەڵێت کوردستانیش دەبێت دەرس لە واشنتۆن وەربگرێت «هیوادارم ڕۆژێک بێت کە گەنجێک لە سەرۆکایەتیی کوردستانی عێراقدا ببینین هەتا کۆتایی بەم مۆدێلە کۆنەی سەرکردە بهێنێت»، بەبێ ناوهێنانی هەریەکە لە تاڵەبانی کە بەم نزیکانە دەبێتە ٧٥ ساڵو بارزانی کە تەمەنی ٦٢ ساڵە.

**سەرچاوە: AFP**

**لە ئینگلیزییەوە: دانا نەوزەر عەلی**



تیۆدۆر ڕۆزفەڵت
سەرۆکایەتی سییەم – ١٩٠٤



ویلیام هاوارد تافت
سەرۆکایەتی سیو یەکەم – ١٩٠٨



تۆماس ودرۆ ویڵسۆن
سەرۆکایەتی سیو دووەم–١٩١٢
سەرۆکایەتی سیو سێیەم – ١٩١٦



وارین هاردینگ
سەرۆکایەتی سیوچوارەم – ١٩٢٠



جۆن کاڵڤین کۆڵیدج
سەرۆکایەتی سیوپێنجەم – ١٩٢٤



هێربەرت هووڤەر
سەرۆکایەتی سیوشەشەم – ١٩٢٨



فرانکلین ڕۆزفەڵت
سەرۆکایەتی سیوحەوت تا چل
(١٩٣٢ – ١٩٤٤)



هاری ترومان
سەرۆکایەتی چلویەکەم – ١٩٤٨



بەرەو كۆشك


جۆرج واشنتۆن
سەرۆكایەتی یەكەم – ١٧٨٩
سەرۆكایەتی دووەم –١٧٩٢


جۆن ئادامز
سەرۆكایەتی سێیەم – ١٧٩٦


تۆماس جێفەرسۆن
سەرۆكایەتی چوارەم – ١٨٠٠
سەرۆكایەتی پێنجەم – ١٨٠٤


جەیمس مادیسۆن
سەرۆكایەتی شەشەم – ١٨٠٨
سەرۆكایەتی حەوتەم – ١٨١٢


جەیمس مۆنرۆ
سەرۆكایەتی هەشتەم – ١٨١٦
سەرۆكایەتی نۆیەم – ١٨٢٠

# هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا: كام ویلایەت بڕیاری كۆتایی بەدەستە؟




**نەخشەی بازنەكانی هەڵبژاردن لە ئەمریكا، هەر ویلایەتێك چەند نوێنەرێك بۆ گروپی هەڵبژاردن (المجمع الانتخاب) هەڵدەبژێرن، ئەو ویلایەتانەی كە ڕەنگیان سپییە، ئەو ویلایەتانەن كە بڕیار لەسەر چارەنووسی هەڵبژاردنەكانی ئەمڕۆ دەدەن.**

رۆژنامە

ئەمریكا

ئەمرۆ ملیۆنەها ئەمریكی روو لە سندوقەكانی دەنگدان دەكەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی وڵاتەكەیان، ئەم هەڵبژاردنە بە یەكێك لە گرنگترین هەڵبژاردنەكان دادەنرێت لە مێژووی ئەمریكادا، چونكە ئەمریكا لە حاڵەتی شەڕدایە لە دوو وڵاتدا (عێراق و ئەفغانستان)و گەورەترین كێشەی ئابووری هەیە لەوكاتەوەی كە ئابووریی ئەمریكا تووشی گەورەترین قەیران بوو لە ساڵی ١٩٢٩دا، هەروەها یەكەمین جارە كە كاندیدێكی رەش پێست (باراك ئۆباما) بگاتە ئەو ئاستەی كە چەند سەعاتێك دووربێت لەوەی ببێتە سەرۆكی ئەو وڵاتەی كە سەردەمانێك رەش پێستەكانی تێدا چەوساوەتەوە، هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا زۆر جیاوازە لە هەڵبژاردنی وڵاتانی تر، بەوەی كە لە وڵاتانی تردا دەنگی خەڵك راستەوخۆ سەرۆكو جێگری سەرۆك دیاریی دەكەن، بەڵام لە ئەمریكادا خەڵك نوێنەر بۆ (گروپی هەڵبژاردن Electoral College) هەڵدەبژێرنو دواتر ئەو نوێنەرانە سەرۆكو جێگرەكەی هەڵدەبژێرن. لە ئەمریكادا مەرج نییە بەدەستهێنانی دەنگ، پۆستی سەرۆكایەتی بۆ كاندیدەكان مسۆگەر بكات، بۆ نموونە ئەل گۆر، كاندیدی دیموكراتەكان، لە ساڵی ٢٠٠٠دا زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێنا، بەڵام جۆرج بوش بووە سەرۆك، هەروەها ئەگەر تێبینی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنەكان كرابێت، نزیكەی هەموو دیعایەكان لە چەند ویلایەتێكدا خەرجكراون، ژمارەیەكی زۆر ویلایەت هەن، هەر ئەسڵەن وەك ئەوە وایە لە نەخشەی ئەمریكادا نەبن، چونكە هیچ هەڵمەتێكی هەڵبژاردنیان تێدا ناكرێت، ئۆباما زیاتر لە ٣٥ ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن لە ویلایەتی فلۆریدا سەرفكردووە، مەكەینیش ملیۆنەها دۆلار لەو ویلایەتەدا، بۆیە گرنگە لە سیستمی هەڵبژاردنی ئەمریكا شارەزابین، لە ئەمریكا بازنەی هەڵبژاردن هەیە، كە پێی دەوترێت ئیلێكتۆرال كۆلیج، ئەمریكا (٥٠) بازنەی هەڵبژاردنەو هەر بازنەیەك بە رێژەی جیاواز نوێنەرایەتی هەیە كە دەتوانرێت بە سادەیی بوترێت كە بەپێی ژمارەی دانیشتووان نوێنەر بەدەست دەهێنن، بۆ نموونە ویلایەتی كالیفۆرنیا زیاتر لە ٣٦ ملیۆن دانیشتووانی هەیە، بۆیە (٥٥) نوێنەری (گروپی هەڵبژاردن) هەیە، كۆی هەموو بازنەكانی دەنگدەران ٥٣٨ بازنەی دەنگدانەو پێویستە براوە بەلایەنی كەمەوە ٢٧٠ نوێنەر مسۆگەر بكات، ئەم نوێنەرانە بەشێوەیەكی رەسمی رۆژی ١٥ی كانونی یەكەم، سەرۆكو جێگرەكەی لەلایەن ئەو ٥٣٨ نوێنەرەوە هەڵدەبژێرنو رۆژی ٩ی كانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ دەسەڵات دەگرنە دەست.

لە هەڵبژاردنەكانی ئەمڕۆدا كۆمەڵێك ویلایەت هەن كە چارەنووسی كاندیدەكان دیاری دەكەن، ئەو ویلایەتانەش بریتین لە: فلۆریدا (٢٧ نوێنەر)، نیڤادا (٥)، كۆلۆرادۆ ٩، میزۆری ١١، ئیندیانا ١١، ئۆهایۆ ٢٠، كارۆلینای باكوور ١٥، ڤێرجینیا ١٣و پەنسلڤانیا ٢١، كۆی هەموویان دەكاتە ١٣٢ نوێنەر، ئەمانەش ئەو ویلایەتانەن كە لایەنگرانی هیچ كاندیدێك زۆرینە نین تا بڕیار لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بدەن، واتە هەر لە ئێستاوە ئەنجامی نزیكەی ٤١ ویلایەتی ئەمریكا یەكلابوونەتەوەو ٤٠٦ نوێنەر مسۆگەر كراوە. باراك ئۆباما ٢٤٣ نوێنەری بە مسۆگەریی هەیەو جۆن مەكەین ١٦٣ نوێنەر، بێگومان ئەمەش بەپێی راپرسییەكانن، بۆ نموونە ئۆباما لە ویلایەتی كالیفۆرنیا ٢٥ خاڵ لەپێش مەكەینەوەیە، هەروەها مەكەین لە ویلایەتی ئەلەباما ٢٣ خاڵ لەپێش ئۆباماوەیە، بۆیە نە ئۆباماو نە مەكەین وزەی خۆیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لەو ویلایەتانەدا خەسارناكەن.

لە هەر ویلایەتێكیشدا هەر كاندیدێك لە نیوە زیاتری دەنگەكان بەدەست بهێنێت، ئەوا سەرجەم نوێنەرەكان دەبات، بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٠ ئەل گۆر ویلایەتی نیو مەكسیكۆی بە جیاوازیی ٣٥٠ دەنگ بردەوە، سەرجەم راپرسییەكان پێشبینی ئەوە دەكەن كە ئۆباما هەڵبژاردنەكانی ئەمڕۆ بباتەوە، بەڵام مەرجیش نییە، چونكە پێشترو چەندینجار راپرسییەكان هەڵە دەرچوون، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی كە ئۆباما تەنها پێویستی بە ٣٧ نوێنەر هەیە، بۆیە هەلێكی باشتری لەبەردەمدایە كە سەركەوتن مسۆگەر بكات، بەڵام دوا بڕیار دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدەرانی ئەمریكی.


جۆن كوینسی ئادامز
سەرۆكایەتی دەیەم – ١٨٢٤


ئەندرو جاكسۆن
سەرۆكایەتی یانزەیەم – ١٨٢٨
سەرۆكایەتی دوانزەیەم – ١٨٣٢


مارتین ڤان بارین
سەرۆكایەتی سیانزەیەم– ١٨٣٦


ویلیام هێنری هاریسۆن
سەرۆكایەتی چواردەیەم – ١٨٤٠


جەیمس كنۆكس پۆلك
سەرۆكایەتی پانزەیەم – ١٨٤٤


زاگاری تایلۆر
سەرۆكایەتی شانزەیەم – ١٨٤٨


فرانكلین پایرس
سەرۆكایەتی حەڤدەیەم – ١٨٥٢


جەیمس بوكانان
سەرۆكایەتی هەژدەیەم – ١٨٥٦


ئەبراهام لینكۆڵن
سەرۆكایەتی نۆزدەیەم – ١٨٦٠
سەرۆكایەتی بیستەم – ١٨٦٤


یولیسیس گرانت
سەرۆكایەتی بیستویەكەم–١٨٦٨
سەرۆكایەتی بیستودووەم – ١٨٧٢


روزەرفۆرد هاییس
سەرۆكایەتی بیستوسێیەم–١٨٧٦


جەیمس گرافێڵد
سەرۆكایەتی بیستوچوارەم –١٨٨٠


گرۆڤەر كلیڤلاند
سەرۆكایەتی بیستوپێنج–١٨٨٤
سەرۆكایەتی بیستوحەوت – ١٨٩٢


بینیامین هاریسۆن
سەرۆكایەتی بیستوشەشەم – ١٨٨٨


ویلیام مەكینلی
سەرۆكایەتی بیستوهەشت – ١٨٩٦
سەرۆكایەتی بیستونۆ – ١٩٠٠

# یەکێتی لە شکستە یان نەوشیروان لە لوتکەدایە

دڵزارحەسەن

٢-٢

بەلای کەسانێکەوە ئەو قۆناغەی کە ئێستای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێکدەهێنێت، هەستیارەو رەنگە مەترسیی لەناوچوونی لێبکرێت، ئـەوەی منو ئەو کەسانە لێک جیادەکاتەوە ئەوەیە من پێموایە یەکێتی بەم لێکترازانو مشتومڕو حیوارانە گەشەدەکاتو زیاتر لە دیموکراسیەت نزیک دەبێتەوە، بەڵام بەو ئەگەرو مەرجانەی خوارەوە، فـاکـتـەری یـەکـەم دەبـەسـتـمـەوە بە نیەتی دەسەڵاتدارانی یەکێتیو لێرەدا پرسیارێکی ویژدانییان لێدەکەم، ئایە ئێوە «مەبەستم دەستڕۆیشتووانی ناو یەکێتییە»، نیازی ئەوەتان هەیە خۆتانو حیزبو کۆمەڵگەو حکومەتو ئیدارەکەتان بەرەو دنیایەکی جیاوازتر لە ئێستا بەرن، کە بنەماکانی دیموکراسیەتو مەدەنیەتو کۆمەڵگەی کراوە بپارێزێتو پارێزگاریی لە مافی تـاکو مرۆڤدا بکات؟! گەر ئەو خولیایە هەبێت لە هزرو ناخی ئەواندا، بێگومان نەک هەر ترسمان لەسەر ئەو رەوشە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەمەودوا قورساییەکی گـەورە دەکـەوێـتـە ئەستۆی هەموو لایەکمانەوە، کە پێویستە کایەو وەتەرو رەهەندەکانی ئەو بەرەوپێشچوونە بناسینو زیاتر کاری لەسەر بکەین، لێرەدا دەبێت یەکێتی ئەوە یەکلابکاتەوە سەر بە کام بەرەیە، پێشکەوتووخوازو دیموکراسییەکان یان موحافیزکارو هێزە تەقلیدییەکان. ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بوویەوە، ئینجا دەتوانین ئەگەرو مەرجەکانی دیکە شرۆڤە بکەین، گریمان ئەقڵی فەرمانڕەوایانی یەکێتی لە بازنەی یەکەمدا دەسوڕێتەوەو گشتیان مەیلی ئەوەیان هەیە خۆیانو حیزبو کۆمەڵگەو دەسەڵات بەرەو ئاقاری دیموکراسیەت بـەرن، بەپێی ئـەو گریمانە ناشێت یەکێتی ترسی لە بـوونو تەواجودی ئەو گـروپو کـەسو کەناڵانە هەبێت کە لە هەناوو جەستەی ئـەودا جودا دەبنەوە، چونکە ئەو لێکترازانە کوشندە نییە، بەپێچەوانەوە یارمەتیدەرێکە بۆ بەهێزکردنی پێگەی هێنانەکایەوەی بنەماکانی دیموکراسیەت لەناو ریزەکانی حیزبدا، کەواتە ئەو فرەدەنگییە ئەگەر بریندارکارو ئیستیفزازیش بن، بەڵام مەترسییان لەسەر ئەسڵی مەسەلەکەدا نییە، کە گەیشتن بە کۆمەڵگەی کراوەو دیموکراسیەت، وا دابنێین ئەوانەی لە یەکێتی جیادەبنەوە یان دژایەتی حیزبو ئەوانی دیکە دەکەن یان حیزب تەشکیل دەکەنو خەریکی کاروباری سیاسیی خۆیان دەبن، لە هەردوو حاڵەتدا زیان بە جەوهەری یەکێتی ناکەوێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەموو لایەکمان بینیومانە ئەوانەی بە درێژایی مێژوو بە هەر ناوو ناونیشانێکەوە بێت دژایەتی یەکێتییان کردبێت، تێیدا سەرکەوتوو نەبوونە، دڵنیاشم لەمەشدا کەسی سەرکەوتوو هەڵناکەوێت، بەڵام بۆ خاڵی دووەم کە حیزب دروستکردنو هاتنە نێو ململانێی سیاسەتو هەڵبژاردنو کۆکردنەوەی جەماوەرە بە دەوری خۆتدا، بێگومان ئەمەیان ئیدی هەرکەسێک بیکات، مافێکی شەرعیو دەستووریی خۆیەتی، بۆیە دژایەتیکردنی بوونی ئەو جۆرە هێزو گروپانە، بێگومان دژایەتیکردنی یاساو بنەماکانی دیموکراسیەتە، یەکێتیش بەپێی ئـەو گریمانەیەی بۆمانکرد، کە حیزبێکە خوازیاری هێنانەکایەی کۆمەڵگەی کراوەو دیموکراسیەتە، بۆیە ناگونجێت ترس، یان لاریی هەبێت لە کەوتنە سەرپێی هەر گروپو حیزبێکی دیکە، جا چ لە خۆی جیابووبێتەوە، یان سەریهەڵدابێت، ئەگەر گریمانەکەی دیکە وەرگرینو دواجار یەکێتی وەک حیزبو هێزێکی موحافیزکارو تەقلیدی جوڵە بکات، بێگومان ئەوکاتە نەک هەر ئەو کەسو گروپو باڵانەی لە یەکێتی جیابوونەتەوە ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو ئەوکاتە کۆمەڵگەو ئەزموونی هەرێمو داهاتووی دیموکراسیەتو بوونیشمان دەکەوێتە سەر لێواری مەرگەوە، کە پێشموانییە یەکێتی بەم خەباتو رەنجە مـەدەنـیو شـاریـەی خـۆیـەوە شوێن بۆ ئەقڵو بیرکردنەوەی ئـاوا چۆڵ بکاتو واز لە خەونە گەورەکانی بۆ گەیشتن بە دنیای سۆسیال دیموکراتو پارێزگاریی لە مافی تاکو کۆمەڵگە بهێنێت. هەڵبەتە چەند مەرجێکی دیکەش هەن کە یارمەتیی ئەو حیزبە دەدات کە ترسی لە دیموکراسیەت نەبێت، یان بە مانایەکی دیکە مەرجگەلێکی زۆر هەن کە یارمەتیی ئەو دەدات دەرگای کراوە بە رووی خۆیدا بکاتەوە، تا دواجا زەمینە بۆ گشت لایەک برەخسێت بە ئازادانە مومارەسەی مافی هاوڵاتیبوونی خۆی بکات، ئەو مەرجانەش پەیوەندیی بە ئەتەکێتی حیزبەوە هەیە کە پێویستە یەکێتی خۆی دەرباز بکات لەو ئەتەکێتە شکڵییەی پارتایەتی کە زۆر کۆنەو بەکەڵکی ئەو سەردەمە نایەت، بۆ نموونە چەمکی شەفافیەت ئەگەر بێویژدانی نەکەین، دەتوانین بڵێین لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا ئەو شەفافیەتە تا حەدێک بەرجەستە بـووە، بەڵام پێویستی بە تەنزیمکردنەوەیە، بۆ نموونە گەیشتن بە بەرپرسو سەرکردەکانی یەکێتی ئیدی لە هەر پۆستو مەکانەتێکدا بێت، ئاساییە، یان ئازادیی رادەربڕینو بوونی چەندان دەنگی جیاوازو میدیای سەربەخۆ یەکێکە لەو پرسە دڵخۆشکەرانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا رۆژانە پەرەدەسێنێت. وەرگرتنی پۆستو بەرپرسیاریەتی لای ئەوان ئاڵۆز نەکراوەو ئەو ئاڵوگۆڕە بە سروشتیی وەرگـیـراوە، دەکرێت ئەو خاڵانەی باسمانکردن بیکەینە مەرجی ئەوەی کە یەکێتی پێویستە لەمەودوا بوونی ئەو ئاکارانەی ئەکتیڤتر بکاتو هەوڵ بۆ زیاترکردنی ئازادییە حیزبیو فەردییەکانیش بدات.

## ئۆپۆزسیۆن یان ریفۆرم

ماوەیەکە لێرەو لەوێ لەنێو پارتو لایـەنـە سیاسییەکانی کوردستاندا قسەوباس دەربـارەی نـوزەو دەنگی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، بێئەوەی کەسێک هەبێت بەشێوەیەکی لۆژیکیو زانستی ئەو چەمکە شرۆڤە بکاتو دەرهاویشتەو وردەکارییەکانی نێو زاراوەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئاخۆ دەکرێت لە دەڤەرو وڵاتێکی وەک کوردستان کە هێشتا لە تەواوی کایەکانی ئیداریو کلتووریو یاساییو دیموکراسیو مەدەنییەوە لە قۆناغی گواستنەوەدایە، ئینجا بەو هەموو ئاڵۆزییەوە هەریەک لەلایەن خۆیەوە بەو بڵێت پارتی ئۆپۆزسیۆنو بەم بڵێت حیزبی دەسەڵات، لەکاتێکیشدا ئەو مقۆمقۆیانە لەئارادان کە هیچ کامێک لەو گروپانە وەک پێویست لە مانای چەمکی ئۆپۆزسیۆن نەگەیشتوونو لەگەڵ ئەوەشدا بێئاگان لەوەی کە پێویستە بەر لە وروژاندنو هێنانە پێشەوەی ئەم جۆرە باسە بۆ سەر سفرەی سیاسەتو ململانێکان، وا چاکە پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک بهاوێژرێت، سەرەتا خوێندنەوە بۆ ئەو زەمینەیە بکرێت کە ئۆپۆزسیۆن لێیەوە هەناسە دەدات، لەدوایدا پێویستە ئەم وجودەی ئۆپۆزسیۆن لە وێستگەیەکدا شی بکرێتەوەو پرسیاری دەرهـەق بکرێت، ئاخۆ خانەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چ کاتێکو شوێنێکدا بەرهەم دێتو لە چ زەمینەیەکیشدا گەشەدەکات، من پێموایە دەنـگو سـەدای ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان نەهاتووەتە ئاراوە، جگە لـەوەش تێگەیشتنم وایـە ئەو واقیعە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتووریو ئـابـووریـیـەی کـە لـە کـوردسـتـان بەرهەمهاتووە، بە هیچ شێوەیەک پێویستی بەوە نییە هەڵڵای ئۆپۆزسیۆنی لەناو بخولقێت، بۆ خاتری ئەوەی بە هەڵە لە بیرکردنەوەکەم تێنەگەن، بە مانایەکی دیکە دەیڵێم، لەبەرئەوەی لە کوردستان کێشە چارەنووسسازەکانو گرفتە نەتەوەییو نیشتمانیو سیاسییەکانمان تا ئێستا بە هەڵواسراویو بێ چارەسەر ماونەتەوە، بۆیە پێویست بەوە ناکات بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆنییەکان (دیارە تەنها مەبەستم ئـەو هـێـزو گروپە سیاسییانەیە کە لەشێوەی رێکخستنی سیاسی خۆیان دەرخـسـتـووە نەک رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)، بەو مانایەی کە لە ئەوروپاو ئەمریکاو وڵاتانی پێشکەوتوو کاری بۆ دەکەن، لای ئێمەش بەرهەم بهێنرێت، چونکە لای گشت لایەکمان ئاشکرایە کە تا ئێستا ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەو بارودۆخەی کوردستان دروسـت نەبووەو لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوەی یەکێتیو پارتی هیچ هێزو گروپێکی دیکەشمان نییە کە بتوانێت لە رێگەی فشارو دەنگدانەوە هەردوو حیزبی حکومڕان دووربخاتەوە لـە دەسـەڵاتو لـە بـەڕێـوەبـردنـی حکومەتدا، ئەو راستییەش لەبەرچاوانە کە ئاکامی ئەو هەرێمو ئەزموونەش بە چارەنووسی هەموومانەوە بەندە، بۆیە بڕواناکەم هیچ کەسو لایەنو پارتێک هەبێت ماف بە خۆی بدات، یان ئەوە قبوڵبکات کە تێکچوونی شیرازەی ئەو حکومەتو ئەزموونە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە. لێرەدا لەو فاکتە نزیک دەبینەوە کە شەفافانە پێمان دەڵێت ئـەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت، پرۆسەیەکی ریـفـۆرمـی دەیـبـات بـەڕێـوە، نەک بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی، کەواتە ئەو دۆخەی کە حکومەتی کوردستانو کۆمەڵگەو دەسـەڵاتو کلتووری ئێمە تێیکەوتووەو بە درێژایی ئەو حەڤدە ساڵە لەناویدا دەژێتو نازانێت بە چ شێوەیەک لەو قەیرانو گەندەڵیو ئاڵۆزییە رزگاری بێت، بێگومان ناتوانرێت بە بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو حیزبیو گروپێکی مەعارەزەیی چارەسەر بۆ ئەو تەنگژانە بسازێنێت، نموونەمان زۆرە کۆمۆنیستەکان لە ناوەڕاستی نەوەدەکان پێشەنگی ئەو داخوازییانە بوون، بەڵام نەگەیشتن بە هیچ ئاکامێک، ئەو چوار حیزبەی ئێستاکەش هەڵبەتە نە ئۆپۆزسیۆننو نە کارێکی تەندروستیش دەکـەن، ئەگەر خۆیان بە مەعارەزە نیشان بـدەن، چونکە ئەمان لە حاڵی حازردا «ئۆپۆزسیۆنی هاوپەیمانن..!!!»، رەنگە لەم بۆچوونەدا دژو لایەنگرم بۆ دروست ببێت، بەڵام قسەیەکەو پێویستی بە دەردەشەو لێکدانەوەی جیاواز هەیە، خۆ ناشکرێت واقیع بەپێچەوانەی خۆی بخوێنینەوە، بەڵکو خۆی چۆنە دەبێت وا لێکبدرێتەوە، بـەلای منەوە هیچ بزوتنەوەیەکی بەناو ئۆپۆزسیۆنی لە کوردستان لەئارادا نییە، پێموایە ئەگەر هەشبن بە هەڵە ناویان لە خۆناوە مەعارەزە، چونکە ئەوانیش هەڵگری هەمان دۆخی نائاسایی دوو حیزبەکاننو لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکن لە کۆی قەیرانو ئاڵۆزییەکان، نەک هەر ئەمان، بەڵکو تەواوی خەڵکو دەسەڵاتو حکومەتو کایە کۆمەڵایەتیو کلتوورییەکانیشمان لەنێو یەک چوارچێوەی تەنگژەییدا دەگوزەرێت کە تەنها پرۆسەی ریفۆرمی چارەسەری دەکات، نەک نوزەو سەدای ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە جگە لە نەیارەکانی خۆشی تیادەچێت.

## ریفۆرمو گۆڕان

پـرۆسـەی چـاکـسـازیـی لـە هەر سەردەمو کاتێکدا بکرێت یان کرابێت، پێویستیی گۆڕانیشی بـەدوای خۆیدا هێناوە، هیچ کاتێکیش رووینەداوە چەمکی گـۆڕان بەبێ پرۆسەی چاکسازیی، قورسایی خۆی دروستکردبێت، رەنگە مرۆڤایەتی ئەو قۆناغەشی تێپەڕاندبێت لەبری ریفۆرم پەنا بۆ شۆڕشی رەش بەرێت، بڕواناکەم پرسی چاکسازیش هێندە پرسێکی تۆقێنەربێت کە کەس چارەی نەوێت، مەگەر کەسەکە خۆی بـاوەڕی بە گـۆڕان نەبێت، کەواتە ئەوەی لەنێو کایەی سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتیو کلتووریو هتد... ریفۆرم دەکات، مەبەستی گەیشتنە بە گۆڕان، نەک شتی دیکە، پرۆسەی گۆڕانیش هیچ لارییەکی تێدا نادۆزرێتەوە ئەگەر بە رێگەی هەژموونێکی گشتگیر، پرسی ریفۆرمی هێنابێتە ئـاراوە. کلتوورو دەسـەڵاتو ئیدارەش لە کوردستان بە رادەیـەک نوقمی گەندەڵیو حاڵەتی ناتەندروست بـووەتـەوە، کە جگە لە ئالیەتی چاکسازیی ئینجا گۆڕان، هیچ میکانیزمێکی دیکە بەرجەستە ناکرێت تا بۆ وەرچەرخاندنی واقیعەکە پشتی پێ ببەستیت. دیارە ریفۆرمو گۆڕانیش دیسپلینو پرەنسیپی خۆی هەیە کە سەر بە جۆرێک لە سیستمی تازەی دنیایەو بە سوودوەرگرتن لێیانەوە، ریفۆرمخوازەکان دەتوانن بۆ مەساری کـاری خۆیانو گەیشتن بە گۆڕانی جەزری لە کۆمەڵگەدا، کەڵکی لێوەربگرن. ریفۆرمیش شتێک نییە تا ئیستیعارە بکرێتو بە کوردی بکەیت، دەکرێت وەک پرۆپۆزەڵێک بیهێنیتو خۆتی پێ فۆرمات بکەیتەوە، ئینجا لەژێر رۆشنایی سیستمی داتابێزو ئەزموونی گەلانی دنیا بەرەو بە چاکسازیی بدەیت، دیارە وەک چۆن مێژووی دەسـەڵاتو خۆبەڕێوەبردن لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا تەمەنی کورتە، بە هەمانشێوە رەوتی چاکسازیش بۆ ئێمە مۆدێلێکی تازەیەو تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی ئاشنایەتی لەگەڵدا نییە، پێویستیی ریفۆرم بۆ ئێمە لەوەدایە کە تا ئێستا نازانین کاری دەوڵـەتـی بە دەزگـایـیو سیستماتیک بکەین، جگە لەوەی بێئاگاین لەوکارە، لە هەمانکاتیشدا دنیایەک گەندەڵیو رۆتینو بێبەرنامەیشمان بەرهەمهێنا. بێئاگایی بەرپرسو سەرکردەکانمان بە فۆرمو شێوەی حکومڕانییەتی دنیای دەرەوە، زیانی گەورەی بەو کەرەستەو فاکتەرانە گەیاندووە کە شوناسی ئێمە وەک دەوڵـەتو حکومەت پێناسە دەکات، هەرچەندە خۆش نییە وڵاتو حکومەتەکەت بێ ناسنامە بێتو لەبری دروستکردنی کادیری دەوڵەتیو ئیداری، خۆی وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی (جا بۆ هەر کڕینو فرۆشتنێک بێت) نمایش بکات، ریفۆرم بۆ ئەوجۆرە حکومەتو دەسەڵاتو ئیدارەو کۆمەڵگەیانە باشە کە هێشتا لەوە نەگەیشتوون دەسەڵاتو حوکم چ پەیوەندییەکیان بە ئازادیی تاکو کۆمەڵگەی کراوەوە هەیە، بۆ ئەوجۆرە واقیعە نەک تەنها پێویستە چاکسازیی لەناویدا رابگەیەنرێت، بەڵکو پێویستە جارێکی دیکە پێناسەی دەوڵـــەتو دەســـەڵاتو ئیدارەیان بۆ بکەیتەوەو سەرلەبەری بەرپرسو لێپرسراوو فەرمانبەرانی بگۆڕیت، ئینجا دەتوانرێت بەو ریفۆرمە بوترێت گۆڕان، گۆڕانیش تەنها لـەوەدا کۆنابێتەوە تۆ شتێک لە شوێنی شتێکی دیکەوە دابنێیت، بەڵکو گۆڕان سەرچاوە دەگرێت لە گۆڕینی توخمی ئەو کەرەستانەی کە کۆمەڵگەیان بەو ئاکامە گەیاندووە، کومەڵگەش ئەو کاتە شکڵ وەردەگرێت کە کێشەکانت وردکردبێتەوە لەنێو پرسی ریفۆرمدا، چاکسازیش ئەوکات دەناسرێتەوە کە ئیشکالە مەترسیدارەکانی بەردەم گۆڕانت خاش خاشکردبێت. لەنێوان چەمکی ریفۆرمو پرسی گۆڕانیشدا، هیچ ئەگەرێکی دیکە شک نابەین تا ئایندەی خۆمانی پێ بسپێرین، ئەگەر رەخسا ئەلتەرناتیڤێک بە وێنەی ئەوانو باشتر کەوتە سەرپێی، دەبێت لە خۆمان بپرسین جگە لە چاکسازییو گۆڕان لەنێو دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتو دەسەڵاتدا، چ کلێشەیەکی دیکەمان بە میرات بۆ بەجێماوە تا پارێزگاریی لە مانەوەی خۆی بکاتو بەهاکانیشی بپارێزێت. بێگومان نەمبیستووە لە جێگەی چەمکو زاراوەی دیموکراسیەتو شەفافیەتو گەندەڵی، ماناو دەستەواژەی دیکەیان دۆزیبێتەوە، بـە مەرجێک کاریگەرییان لەسەر جەوهەری چەمکەکەش جێنەهێشتبێت، بۆیە ناکرێتو نابێت لە بەرامبەر زاراوەی زەقاوزەقی گەندەڵیو دیموکراسیەت، تۆ بێیت وشەیەکی دیکە دابتاشیتو بە هەمان ماناش پێمی بفرۆشیتەوە. لێرەدا نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە هەردوو زاراوەی ریفۆرمو گۆڕان هەڵهێنجراوی کلتوورو ئاکاری گەلانی پێشکەوتووی دنیایەو هەر ئەوانیش لە حیکمەتو سیحری ئەو زاراوانـە دەگەن، واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتووریی هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە هاتنە پێشەوەی ئەقڵیەتی نوخبەیەک هەیە، تا بە رێگەی زمانو کرداری چاکسازییەوە گۆڕانێکی گەورە بۆ وەرچەرخاندنی ئەو واقیعە دژوارو گەندەڵستانە بەرهەم بهێنێت.



**لەبەرئەوەی لە کوردستان کێشە چارەنووسسازەکانو گرفتە نەتەوەییو نیشتمانیو سیاسییەکانمان تا ئێستا بە هەڵواسراویو بێ چارەسەر ماونەتەوە، بۆیە پێویست بەوە ناکات بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆنییەکان بەو مانایەی کە لە ئەوروپاو ئەمریکاو وڵاتانی پێشکەوتوو کاری بۆ دەکەن، لای ئێمەش بەرهەم بهێنرێت**

تەوەر

## ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لە ڕوانگەی حیزبەکانی خۆرهەڵاتەوە

سەرپەرشتیاری تەوەر: شەهرام عەبدوڵڵا

# بەهمەن عەلی یار: ڕێبەرانی حیزبەکان نابێت هەوڵبدەن ڕێکخراوەکان بکەن بە حیزبی

**بەهمەن عەلی یار، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پێیوایە ڕێکخراوەکان ناتوانن جێی حیزبە سیاسییەکان بگرنەوە هەروەک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حیزبە سیاسییەکانو تێکۆشەرانی ڕێکخراوەسیاسیومەدەنییەکان دەبێت لەو جێگایانەی خاڵی هاوبەشیان هەیە، هاوکاریی یەکتر بکەن.**

لەپێشدا ئاماژەیەک بە ڕوانگەو بۆچوونی کۆمەڵە سەبارەت بە ڕێکخراوە سیاسییو مەدەنییەکان بە گشتی دەکەم، ئەوە هەڵوێستی ئێمە هەم بەرامبەر بەو ڕێکخراوانە کە لە پرسیارەکانی ئێوەدا ئاماژەیان پێکراوە، هەم بەرامبەر بە زۆر ڕێکخراوە، ئەنجومەن، ناوەند، گروپ یا بوارەکانی دیکەی خەباتو تێکۆشان کە لە پرسیارەکانی ئێوەدا باسیان نەکراوە، تا ڕادەیەکی زۆر نیشان دەدات.

کۆمەڵە بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی هەیە، ئێمە ئەوە بە مافی هەمووتێکۆشەرێکی‌سیاسی‌دەزانین کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی، حیزبو ڕێکخراوەی سیاسیی خۆی پێکبهێنێت، بە مافی هەموو سنفو چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی دەزانین چ بۆ پاراستنو بەرگریکردن، چ بۆ وەدیهێنانی مافو بەرژەوەندیی سنفی خۆیان، سەندیکا، یەکێتی (اتحادیة)، ئەنجومەنو... بە گشتی ڕێکخراوی سنفی سەربەخۆ دروستبکەن، بە مافی هەموو تێکۆشەرانو هەڵسوڕاوانی خەباتی مەدەنیو سیاسی لە ئێرانو کوردستانی ئێرانی دەزانین بەپێی ئەو یاساو ڕێساو ستاندارده دیموکراتیکو پێشکەوتووانەی کە لە دنیای ئەمڕۆدا هەیە، ڕێکخراوی دڵخوازیی خۆیان پێکبهێنن.

لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستانی ئێران هەوڵو کۆششی باش دراوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکانو زۆرجار بەرهەمی باشیشی هەبووە، هەر ئێستا ژمارەیەک ڕێکخراوەی سیاسیو مەدەنیو ژمارەیەکی بەرچاو هەڵسوڕاوو تێکۆشەر هەن کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیو مەدەنیی کۆمەڵگەی کوردستاندا وەک بواری مافی مرۆڤ، مافی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران، بواری ڕۆشنبیریو ئازادییەکان، مەسەلەی میللیو... هەوڵدەدەنو خەبات دەکەن، لە ئاکامی ئەو تێکۆشانانەدایە کە دەبینین:

– بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک شیعر، چیرۆک، وەرگێڕان، ڕۆژنامەگەریی، سینەماو... گەشەی بەرچاوی کردووە، ئەو بابەتانەی لەو بوارانەدا بڵاوبوونەتەوە نەک هەر بە ژمارە ڕوو لە زیادبوونن، زۆرجار بە ناوەڕۆکیش شتی باشو پێشکەوتووانەیان تێدا بڵاوبووەتەوەو تابۆیان شکاندووە.

– دەنگهەڵبڕین لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ گەیشتووەتە ئاستێک کە بتوانێت ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان پێکبهێنێت، ئەوەی ئەو ڕێکخراوە دیاریکراوەی ئێستا چ کەموکوڕییەک لە کاریدا هەیە یان نییە با بمێنێتەوە، نەفسی پێکهاتنی ڕێکخراوێکی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەوەندە دەستکەوتەی تا ئێستا بوویەتی، هەنگاوێکی پێویستو بەنرخ بووەو کاریگەریی خۆی داناوە.

– خوێندکارانی کورد هەرچەندە هێشتا نەیانتوانیوە ڕێکخراوەی خۆیان پێکبهێنن، لە بزوتنەوەی خوێندکاریی ئێراندا ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، نەک هەر ئەوە، بەهۆی ئاستێکی باش کە لە تێگەیشتوویی سیاسی، پوختەییو ئەزموونی موبارزاتی، بوێریو کۆڵنەدان، کاری ڕێکخراوی ڕێکوپێک چ لەگەڵ یەکترو چ لەگەڵ خوێندکارانی زانستگاکانی باقی شوێنەکانی ئێران، لە خۆیان نیشانیانداوە، سەرنجو ڕێزو خۆشەویستیو متمانەی کۆمەڵگەی کوردستانیان تا ڕادەیەکی زۆر بەرەولای خۆیان ڕاکێشاوە.

– مافەکانی ژنان بە ئاشکرا بەرگریی لێدەکرێتو هەڵسوڕاوو تێکۆشەری چاونەترسو عەلەنیی بۆ پەیدابووە، هەرچەندە قورسایی ستەم لەسەر ژنانی ئێرانو کوردستانی ئێران بەهۆی ماهییەتو یاسا دژە ژنو دژە ئیسنانییەکانی کۆماری ئیسلامی، زۆر لەوە زیاترە کە چاوەڕوانیی ئەوە بکرێت ژنانی کوردستان وا بە ئاسانی خۆیان لەژێر باری ئەو نەگبەتییانەی ڕژێم بۆی بە دیاری هێناون، ڕزگاربکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو زەحمەتو زۆرو بارودۆخێکی غەیری ئینسانی کە بۆیان خوڵقاندوون، نەیانتوانیوە دەنگی نارەزایەتیو بانگەوازی موبارزەیان کپ بکەنو کۆڵیان پێبدەنو زۆر شتی دیکەش لەو بابەتانە.

لەسەر ئەساسی ئەو بیرکردنەوەیەی لە سەرەوە باسی کرا، کۆمەڵە هەموو ئەو هەوڵو کۆششانە کە کۆمەڵگەی بەرەو سکۆلاریزم، شارستانییەت، گەشەو پێشکەوتوویی سیاسیو فەرهەنگی بردووە، بە کاری بەجێو دروستی زانیوەو پشتیوانیی لێکردوون، ئەگەر تێبینییەکیشی لەسەر هەر لایەنێکی ئەو هەوڵو کۆششانە بووبێت، نەیهێشتووە تێبینییەکانی سێبەر بخاتە سەر لایەنە باشو موسبەتەکانی کاری ئەوان یان گرفتیان بۆ دروستبکات، تێکۆشاوە دڵسۆزانەو بەشێوەی گونجاو هەڵەیان بۆ ڕاست بکاتەوە.

هەرچەندە ئێمە بە گشتی لایەنگری ئەو لایەنەین کە ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان دەبێت بتوانن دروست ببن، بەڵام پێمانوایە ئەو لایەنگرییە چەند تێبینی جدیی لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانمان نابێت لەبیربەرێتەوە، لەوانە:

– هەموو خەباتێک تا گەیشتن بە ئامانج لەوانەیە بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕبێت، سەرکەوتن لە هەندێک قۆناغدا یا وەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت نابێت واقیع بینیمان لێ بستێنێتەوەو هەنگاوەکانی دواترمان لەبەرچاو ون بکات، بۆ نموونە خوێندکارانی کورد هەرچەندە تا ئێستا باشیان کار کردبێت، هێشتا ڕێکخراوێکی سنفی خوێندکارانیان نەتوانیوە پێکبهێنن، یا هەرچەندە بوێرانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەدژی یاسا دژە ژنەکانی ئەو ڕژێمە بەربەرەکانی کرابێت، دیاردەی دزێوی وەک بەزۆر بەشوودانی کچان، توندوتیژیو لێدانی ژنان لە خێزاندا، خۆکوشتنو خۆسووتاندنی ژنانو... لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا زۆرە. خەباتکارانی لایەنگری مافی ژنان لە کوردستان نەک تا وەدیهێنانی مافی بەرابەری ژن لەگەڵ پیاو، تەنانەت تا وەدەستهێنانی زۆر مافی سەلمێنراو لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ ژنان، هێشتا ڕێگەی سەختیان لەبەرپێیە.

هەڵبەتە باسکردن لەو کەموکوڕییانە بە مانای ئەوە نییە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی خۆمانم لەبەرچاو نەبووبێتو کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگەم نەدیتبێ، بەڵکو مەبەست تەئکید لەسەرکردن یا وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە کاتێک تێکۆشەرانێک ئامانجێک لەبەرپێی خۆیان دادەنێن، ئەگەر لە نیوەیی ڕێگەی بەرپێیاندا بمانەوێت هەڵسەنگاندنێک لەکارەکەیان بکەین، لەپاڵ ئەوەدا کە هەنگاوەکانی تا ئێستایان بە چاکو خراپەوە دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، هەنگاوەکانی داهاتووش دەبێت بخرێنە بەرچاو، ئێمە لە کوردستان دەبێت مافی ژنان، مافی کرێکاران، مافی خوێندکاران، مافی مرۆڤ، ئازادی، دیموکراسیو... هەموو ئەوانە بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین، کاتێک هەڵیدەسەنگێنین تا ئێستا چیمان کردووە، ئەگەر بە ڕوونی باس لەوە دەکەین تا کوێ ڕۆیشتووین، دەبێت کەموکورتییەکانو هەنگاوەکانی داهاتووش هەر بەو ڕوونییە قسەی لەسەر بکەین، مەبەستی من تەئکید لەسەر ئەو ڕاستییەیە.

– جاری وایە بۆچوونی هەڵەو نادروست کاریگەریی مەنفی لەسەر ڕەوتی هەڵسوڕانو تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوانە یا ئەو خەباتەی لەئارادایە دادەنێت، بۆ نموونە تا (٥-٦) ساڵ لەوەوپێش ئەو بۆچوونە کە «حیزبایەتیو سیاسەت لەگەڵ ڕۆحی کاری ئەوان ناتەبایە»، «ئەوان نابێت خۆیان تێکەڵ بە سیاسەت بکەن»، «دەبێت خۆیان لە حیزبە سیاسییەکان دوور ڕابگرن»و... لەنێو هەڵسوڕاوانی بواری ڕۆشنبیری (ڕۆژنامەگەری، شیعر، چیرۆکو...)دا زۆر لە ئێستا بەهێزتر بوو، پێیانوابوو ئاوا باشتر دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە کە پەیوەندیی نێوان سیاسەتو ئەو بوارانە لە خەبات، پەیوەندیی نێوان حیزبایەتیو کاری ئەو ڕێکخراوانە نازانێت یا بە هەڵە لێی تێگەیشتووە، ئەو بۆچوونە سەرکەوتوو نابێت چونکە هیچ کەس ناتوانێت بە یەکجاری ئەو فەعالییەتانە لێک دابڕێ، بەڵام بەهێزبوونی دەتوانێت زەرەر بگەیەنێت.

– مەسەلەیەکی دیکە کە لە پێوەند لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان دەبێت بە جدیی لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە هەموو ئەو ڕێکخراوەو یەکێتی (اتحادیة)و سەندیکاو ناوەندو... کە لە کۆمەڵگەدا دروستدەبن، بەمەبەستی خزمەتکردن بە کۆمەڵگە یا تەنانەت بەرەوپێشبردنی ئەو مەبەستە نین کە ڕایدەگەیەننو بەو نێوەوە پێکهاتوون. نابێت لە بیرمان بچێتەوە کە بەشێک لەوانە دەسەڵات بۆ خۆی دروستیان دەکات یا تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیش دروستی نەکردبن، مەیلو بۆچوونێک بەسەر ڕوانگەو فیکریاندا زاڵە کە ئاستی داخوازییەکانیان خوارەوەترو کەمتر لە ئاستی داخوازییەکانی کۆمەڵگە لەو بوارانەدایە، نموونەی ئەو ڕێکخراوانە لە دنیادا زۆرەو لە کوردستانیش هەن، زۆر یەکێتیو سەندیکای کرێکاری یا ڕێکخراوی سنفی جۆراوجۆر دروستکراون کە مەبەست لە دروستکردنیان تەنها بە لاڕێدابردنی خەباتی کرێکاران یا... بووە، لە کوردستانیش شتی وا هەیە، فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان یا ریفۆرمخوازانی کورد یا بەرەی یەکگرتووی کورد هەرچەندە جیاوازیی لەنێوان کاریگەرییەکانیاندا کردەوەو وەبەرچاو دەکەوێت، بەڵام هەرسێکیان لەوەدا وەک یەک بوون کە هەوڵیاندا خەباتو داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کورد لە چوارچێوەی بەرتەسکی نیزامو یاساو ڕێسای جمهوری ئیسلامیدا سنووردار بکەنەوە کە هەوڵێکی شکستخواردوو بوو، فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان بە حساب نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەو خەڵکەن، بەڵام قەت جارێک لێیان نەبیسترا بەرامبەر بەو هەموو ناحەقییەی لەلایەن ڕژێمەوە دەرحەق بە خەڵکی کورد دەکرێت، دەنگێکیان لێوەبێت. ریفۆرمخوازانی کورد جگە لە نێوێک هیچی دیکە نین، ئەوان لە ڕاستیدا بەشێک لە ریفۆرمخوازانی ئێرانن، ریفۆرمخوازان لە مەرکەز (لە تاران) بەهێزبن، کەسانێک لەوانیش لە کوردستان جموجۆڵێکیان لێ پەیدا دەبێت، لە مەرکەز لاوازبن، لە کوردستان ئاسەواریان نامێنێت، لەو نێوەدا هەڵسوڕاوانی بەرەی یەکگرتووی کورد بڕێک جیاوازن. کەسایەتییەکانی ئەو بەرەیە پێش پێکهێنانی بەرە، جاروبار هەندێک شتیان بە بەرگریی لە خەڵکی کوردو داخوازییەکانی دەگوت. ریفۆرمخوازان کە لە ئێران لە دەسەڵات کەوتنو باویان نەما، کەسایەتییەکانی ئەوانیش بێدەنگتر بوون، وەک بەرەش نە کەس بە جدیی گرتنو نە بۆخۆشیان کارێکیان پێکرا.

– مەسەلەیەکی گرنگی دیکە لە هەڵسەنگاندنی کاری ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان، لەبەرچاوگرتنی ڕادەی وەفادار مانەوەی ئەوان بەو ئامانجانەیە کە بۆی پێکهاتوون، جاری وا هەیە ئەو ڕێکخراوانە بەو ئامانجانەی کە لەبەرپێی خۆیان دایانناوە، وەفادار نامێننو لەپێناو قازانجو بەرژەوەندیی دیکە یان مەبەستی ناسالم یان... قوربانیی دەدەن، لەپاڵ ئەوەدا کە دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو بە لاڕێداچوونە ڕوونەدات، بەڵام ئەگەر شتی وا ڕووی دابوو بێگومان لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیان کاریگەریی دەبێت.

لە کۆتایی باسەکەدا پێمخۆشە بە کورتی قسەیەک لەسەر پەیوەندیی سیاسەتو کاری حیزبی لەگەڵ کاری ئەو ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییانە بکەم، چونکە تێگەیشتنی هەڵە لەو پەیوەندییە، بەلاڕێداچوونی لێدەکەوێتەوە.

حیزبێکی سیاسی ئەگەر ئەو فەرهەنگە یا ئەو یاساو ڕێسایانەی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەدا زاڵن پێی باش نەبێت، بۆ گۆڕینیان هەوڵدەدات، ژیانی کۆمەڵگە بواری یەکجار جۆراوجۆری هەیە. مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە بارودۆخی ژنان، لاوان، کرێکاران، خوێندکاران، مافی مرۆڤ، ئازادی، دیموکراسی، وەرزش، میدیاو زۆر شتی دیکە، بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەن، حیزبی سیاسی ئەگەر بیەوێت لە هەرکام لەو بوارانەدا ئاڵوگۆڕ پێکبهێنێت، یەکەم: ڕوانگەو یاساو ڕێسای ئەلتەرناتیڤی خۆی بە جێگەی ئەوەی کە هەیە پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات، دووەم: پلانی پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە دادەڕێژێتو لە ڕێگەی ئەندامانو هەڵسوڕاوانی خۆی هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، لەوانە هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوەی تایبەت بەو کارە دەدات یا ئەگەر ڕێکخراوێکی وا هەبێت، ئەندامانو هەڵسوڕاوانی خۆی بۆ بەشداریی لە کۆششەکانی ئەو ڕێکخراوە دەنێرێت، بەو مانایە ئەو بوارانە لە کار، بەشێک لە مەیدانەکانی خەباتی حیزبی سیاسین، بێمانایە ئەگەر یەکێک پێیوابێت حیزبە سیاسییەکان نابێت تێکەڵ بەو فەعالییەتانە بن، یا دەتوانین بڵێین بەشێکی بەرچاوی بەرنامەی هەر حیزبێکی سیاسی، پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە، کەوابوو ئەو بوارانە لە خەبات بە مانایەک سیاسینو لە سیاسەت ناتوانێت جیایان بکەیتەوە.

ئەوەی بەڕێوەبەرانی حیزبە سیاسییەکان دەبێت لەبەرچاوی بگرن، ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەدا کەسانێک هەن کە بەبێ ئەوەی بیانەوێت کاری سیاسی بکەن، دەیانەوێت لە بوارێکی ژیانی کۆمەڵگەدا ئاڵوگۆڕ پێکبهێننو ڕێکخراوەی تایبەت بەو مەبەستەی بۆ دروستدەکەن، زۆرجار ئەو ئاڵوگۆڕەی ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەی حیزبەکەش بۆی تێدەکۆشێت، یەک دەگرنەوە، لەوکاتانەدا ڕێبەران یا تێکۆشەرانی حیزبە سیاسییەکان نابێت پێیانوابێت یا هەوڵ بۆ ئەوە بدەن ئەو ڕێکخراوە بەتەواوی بکەن بە حیزبی، چونکە ئەگەر وابکەن لەوانەیە ئەو کەسانەی کە پێیان خۆش نییە کاری حیزبی بکەن یا نایانەوێت لەگەڵ حیزبەکەی ئەوان کەون، هاوکارییان نەکەنو پێشڕەفتی کارەکە زەرەری پێ بگات، لەوکاتانەدا گرنگ سەرکەوتنی خەباتەکەیە نەک حیزبیکردنی ڕێکخراوەکە، بەو مانایانە ئەو ڕێکخراوانە دەبێت سەربەخۆییەکیان هەبێت، بەڵام ئەگەر تەفسیر لە سەربەخۆیی ئەوە بێت کە ئەو ڕێکخراوانە دەبێت لە حیزبەکان دووربن، ئەوە تەفسیرێکی نادروستەو لە کردەوەشدا بەڕێوەناچێت.

حیزبە سیاسییەکانو تێکۆشەرانی ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان دەبێت لەو جێگەیانەی کە خاڵی هاوبەشیان هەیە، هاوکارییو هاوخەباتی لەگەڵ یەکتر بکەن، ئەو ڕێکخراوانە ناتوانن جێی حیزبە سیاسییەکان بگرنەوە، حیزبە سیاسییەکانیش تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبن ئەگەر پێیانوابێت ئەو ڕێکخراوانە دەبێت تەواو حیزبی بن، ئەوانە دوو بواری جیاوازی تێکۆشانن، دەتوانن‌و دەبێت هاوکاریی یەکتر بکەن، نە ئەلتەرناتیڤی یەکترنو نە ڕەقیبی یەکتر.

بەپێی ئەو قسانە واقیعیەتێکی دیکەش دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕادەی دووریی یا نزیکیی حیزبە سیاسییەکانو ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ یەکتر ئەوە دیاریی دەکات کە چەندە خاڵی هاوبەش بۆ هاوکاریی لەنێویاندا هەیە.


بەهمەن عەلی یار

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ١٦٥ –R٣**

پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی بینای بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی قۆرەتوو (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێییەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٧ –R٢**

پرۆژە: پرۆژەی جوانکاری بەرامبەر شارەوانی چەمچەماڵ (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (٧,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٩٦ –R٣**

پرۆژە: پرۆژەی کڕینی کرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای گەرمیان (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (٧,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ١٩٧ –R٥**

پرۆژە: پرۆژەی ئاوی گەڕەکی یۆغۆسلاڤو دروستکردنی تانکی ئاوو ژووری پاسەوان لە دوکان (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٨٤- ١١٨ –R٣**

پرۆژە: قیرتاوکردنی جادەکانی رزگاریو شەقامە سەرەکییەکانی رزگاری (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (٩٠,٠٠٠,٠٠٠) نەوەت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠,٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٣٥٩ –R١**

پرۆژە: دروستکردنی یاریگای چیا لە سلێمانی

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٤ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**




دادگای باری کەسێتی
سلێمانی
ژمارە: ١٦٨/ش/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٣

**ئاگاداری**

داواکار/ شۆخان کریم حمە
داوا لەسەکراو/ بڵند علاءالدین محمود/ کە ئێستا ناونیشانت نادیارە دادگا بڕیاریدا لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٩ کە سوێندت ئاراستە بکات بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ، وصیغەی سوێندەکە بەم شێوەیە (سوێند ئەخۆم بە خوای گەورە کە من زیانێکم بە هاوسەرەکەم بە ناوی شۆخان کریم حمە بەوەی کە خیانەتی زەوجیم لێکردبێت وە ڕێزم نەگرتبێت بە جێم هێشتبێت زیانێک کە ببێت بەهۆی جیابوونەوەمان بەخوای گەورە) کە ئامادە بوویت لە بەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٢، بەپێچەوانەوە ئامادە نەبیت خۆت یان بریکارێک نەنێری ئەوا دادگا داواکە دەبینێ بەپێی یاسا.

**دادوەری یەکەم**
**گەشاو محمد امین**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر
ژمارە:٤٥٤/ب/٢٠٠٨

**(ئاگانامە)**

داواکاران/ ١- حلیمە عولا عمر ٢- خج حسین عبداللە
٣- ابراهیم حمد حسن ٤- نەخشین حمد حسن ٥- کمال حمد حسن ٦- خالد حمد حسن ٧- اومید حمد حسن ٨- نسرین حمد حسن ٩- عثمان حمد حسن ١٠- سلام حمد حسن
داوالێکراوان/ ١- رزگار حسین محمود ٢- هێمن حسین محمود
بۆ داوالێکراوان (رزگار حسین محمودو هێمن حسین محمود) کە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە
ئاگادارتان دەکەینەوە کە داواکارانی (سەرەوە) داوای ژمارە (٤٥٤/ب/٢٠٠٨)ی لەسەر تۆمار کردوون‌و تیایدا داوای قەرەبوو (تعویض) دەکەن بەهۆی بەناو نەکردنی موڵکی ژمارە (١١٧٥)ی کەرتی قەڵادزێ وە لەبەرئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی (٢) دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە ڕۆژی دادبینی کە ڕۆژی (٢٠٠٨/١١/١١) ئەگەر بێت‌و خۆتان یان جێگرێکی یاسایی لەبری خۆتان ئامادە نەبێت لە ڕۆژی دادبینی ئەوا دادبینی بە پاشملەو ئاشکرا ئەنجام ئەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سرکوت عونی عمر**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کار لە سلێمانی
ژمارە: ٣٠/کار/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢١

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو سەروەر سعید مارف
ئەم دادگایە بڕیاریدا بە دانانی ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٢ بۆ دادبینی لە داوای ژمارە ٤٥/کار/٢٠٠٨وە لەبەرئەوەی دەرکەوت لە نوسراوی بنکەی پۆلیسی سەرا ژمارە ٥٠٣٢ لە ٢٠٠٨/١٠/٩ کە جێگای دانیشتنت ئێستا نادیارە دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠٠٨/١١/٢٤وە بەپێچەوانەوە دادگا دادبینی دەکات بە ئاشکرایی‌و نائامادەیی بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سردار عمر احمد**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کار لە سلێمانی
ژمارە: ٣٠/کار/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢١

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو علی أمین کریم، ئێستا جێگات نادیارە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە داوای ژمارە ٣٠/کار/٢٠٠٨ بە دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٥٠) لە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی، دەرکەوت لە نووسراوی بنکەی پۆلیسی کەلار ژمارە ٣١٨٨ لە ٢٤م٢٠٠٨/٨ کە جێگەی نیشتەجێت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانـەوە بۆ ئامادەبوونت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٣وە بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێت بە ئاشکرایی‌و نائامادەیی بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سردار عمر احمد**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کار لە سلێمانی
ژمارە: ٧٣/کار/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/١٢

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو ماجد حکمت أحمد
ئەم دادگایە بڕیاریدا بە دانانی ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٢ بۆ دادبینی لە داوای ژمارە ٧٣/کار/٢٠٠٨وە لەبەرئەوەی دەرکەوت لە نوسراوی بنکەی پۆلیسی رزگاری بە ژمارە ٤٩٢٣ لە ٢٠٠٨/٩/١٦ کە جێگای دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە ڕۆژی دادگایی ٢٠٠٨/١١/٢٤ بەپێچەوانەوە دادگا دادبینی دەکات بە ئاشکرایی‌و نائامادەیی بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سردار عمر احمد**

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کار لە سلێمانی
ژمارە: ٣٠/کار/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢١

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو علی أمین کریم، ئێستا جێگات نادیارە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە داوای ژمارە ٣٠/کار/٢٠٠٨ بە دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٥٠) لە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی، دەرکەوت لە نووسراوی بنکەی پۆلیسی کەلار ژمارە ٣١٨٨ لە ٢٤م٢٠٠٨/٨ کە جێگەی نیشتەجێت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانـەوە بۆ ئامادەبوونت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٣وە بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێت بە ئاشکرایی‌و نائامادەیی بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سردار عمر احمد**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کار لە سلێمانی
ژمارە: ٢٤/کار/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/٦/٣٠

**ئاگاداری**

بۆ/ تاوانبار/ داوا لەسەرکراو (دانا جمال مصطفی)
ئێستا جێگات نادیارە
دادگای کار لە سلێمانی بڕیاریدا بە سزای (٣٠) سی ڕۆژ بە بەندکردنت پاڵپشت بە مادەی (٥٠) لە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا مافی تەمیز (اعتراض)ت هەیە وە بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سردار عمر احمد**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کار لە سلێمانی
ژمارە: ٤٩/کار/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/٨/٢٧

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو عبدالکریم محمد عبدالکریم، خاوەنی گەراجو غسل‌و تشحیمی چەمچەماڵ ئێستا جێگات نادیارە دادگای کار لە سلێمانی بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ بەپێی مادەی (٥٠) لە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە بەرئەوەی جێگات نادیارە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەوە وە بۆت هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا ڕەخنەو تەمیز بکەیت، پاش بڵاوبوونەوەی ئەم بڕیارە، بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سردار عمر احمد**

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستــەی نووســەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤

ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی شەست مەتری- تەنیشت وەزارەتی پیشەسازی ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥

## ڕوونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەدیوانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ




بەمەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژیو بەهاناوەچوونی ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕووی هەر جۆرە توندوتیژیو فشارێکی دەروونیو جەستەیی دەبنەوە لەلایەن هەرکەسێکو لە هەر ناوچەیەکی کوردستانو بە هەر بیانوویەکەوە بێ، داوادەکەین لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە، تاکو لە ڕێگەی هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنو (پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان)ەوە بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەین.

**ژمارەی تەلەفۆنەکانی بەڕێوەبەرایەتیو نووسینگەکانمان لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان**

**یەکەم/ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە پارێزگای هەولێر**
(٠٦٦٢٥٦٨١٧٢ – ٠٧٥٠٧٥٩٨١٧٢)
**دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە پارێزگای دهۆک**
(٠٧٦٠ ٥٠٩٩١٨١ _ ٠٦٢ ٧٦١٤٥٤٤ _ ٠٦٢ ٧٢٢٩١٨١ _ ٠٧٥٠٧٨٥١٨٨١)
**سێیەم/ نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە قەزای سۆران**
(٣٢٢١٠١٠ – ٠٧٥٠٧٣٣٠١٠٤ – ٠٧٥٠٤٤٦٤٨٦٠)
**چوارەم/ نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە قەزای ئاکرێ**
(٠٦٢٧٨٠١٩٧٧)
**پێنجەم/ سەرجەم بنکەکانی پۆلیسی فریاکەوتن لە پارێزگای هەولێر**

دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بنکەکانی پۆلیسی فریاکەوتنەوە بکەن، یاخود لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بە ژمارە تەلەفۆنەکانی (١٠٤ _ ١٤٤ _ ١٢٤)، یاخود پەیوەندی بکەن بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٥٠٤٤٦٠١٠٤).








چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩